پێشەکی

لە ٢٠٠٤/٣/٨ یاسای **بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی ئینتیقالی** لە بەغدا بە فەرمی ڕاگەیەندرا . مادده و بڕگە پەیوەندارەکان بە مافەکانی گەلی کوردمان لە ئاستی داخوازیەکانیدا نەبوون ، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی و تاکو ڕادەیەکیش بێ ئومێدی خەڵکی کوردستان ودۆستە بە سۆزەکانی.
هەر ئەو کات یاساکە کەوتە بەر شەن و کەوی توێژێکی بەرچاو لە پسپۆران و یاساناسان و رووناکبیرانی هوشیاری گەلەکەمان لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات . بە وردی و بە مەوزوعییەت تیشکیان خستە سەر لایەنە لاوازەکانی ئەو یاسایە و پەراوێزکردنی کێشە و مافەکانی گەلەکەمان.
جاروبار هەندێ بەرپرس و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم لایەن یان ئەوی تر ،لە بۆنە جیاجیاکاندا، کەم یان زۆر ، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە: (ئەم یاسایە هەموو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی مسۆگەر نەکردووە .. و کەموکوڕی هەیە .. هەر ئەوەندە کرا... ئەم یاسا کاتییە. لە کاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی کەلێنەکانی پڕ دەکەینەوە ..هتد). لە کاتی خۆیدا چاوێکمان بە یاساکەدا خشاند و چەند سەرەقەڵەمێکمان ئامادە کردو نیازمان وابوو بڵاویکەینەوە وەکو تێبینی و ڕایەک، بەڵام پاش پاساودانەوەی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیی سیاسی کورد، هەر وەکو لە سەروە باسمان کرد، لەو باوەڕەدا بووین کە هەروەها دەبێت و کەموکوڕیەکان چارەسەر دەکرێن و بە باشمان **نەزانی** ئەو سەرەقەڵەمانە بڵاوبکەینەوە، بڕیارمان دا ببێت بە بەشێک لەو بابەتەی کە بە دەستمانەوەیە و لە ئایندەیەکی نزیک وەکو کتێبێک بخرێتە بەردەستی خوینەرانی ئازیز. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان دیدو بۆچوونی ناو بەرپرسانی کورد و جەخت کردنیان لەسەر ئەوەی **کە سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم یاسایە لە دەستووری ئایندەی هەمیشەیی عێراق بچەسپێت** .. یان **کورد ئامادە نییە لەو مافە کەمتر قەبووڵ بکات کە لەم یاسەیەدا هاتووە**، (وەکو بڵێیت ئەم یاسایە زۆری هێناوە بۆ کورد)، وای کرد هەڵوەستەیەک بکەین و بگەرێینەوە بۆ تێبینییەکانمان سەبارەت بەم یاسایە ..
ئەم گۆڕانکاریە، واتە : سۆزی سەرکردایەتیی سیاسی کورد بۆ **چارەسەرکردنی** کەموکوڕییەکانی یاساکەو نەهێشتنی خاڵە لاوازەکانی، **بۆ جەخت کردن** لە سەر تەسپیت کردنی ئەو مادده و بڕگانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون وپەیوەندی هەیە بە کوردەوە لە دەستووری هەمیشەیی، پەندێکی کۆنی عەرەبی وەبیر هێنامەوە کە دەڵێت (راوینا الموت حتی یرضی بالسخونه) ..!
هەر ئەم گۆڕانکارییە وای لە بەندە و بگرە لە توێژێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانیش کرد، کە جارێکی دیکەش بیرکەنەوە لە ناوەڕۆکی ئەم یاسایەو بە مادده پەیوەندارەکانیدا بچنەوە،

بخرێنەڕوو، تاکو بزانین مادده و بڕگە پەیوەندارەکان بە کێشەو مافی کورد ئەوەندە دێنێت کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد وا پڕوپاگەندەی بۆ بکات و پێی لەسەر داگرێت ....؟!
لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەرانی ئازیز راکێشم جارێکی دیکەش کە:
* رەچاوی ئەوە بکەن ئەم بابەتە پێش دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق نووسراوە.

کورد و یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتقالی

جوهر نامق سالم ٢٠٠٤/٦/٢٠

یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی، کەوتە بەردەست و بڵاوکرایەوە، پاش زیاتر لە چوار مانگی گفتوگۆ و پێشکەش کردنی چەند پرۆژەیەک، چ ئەوەی لەلایەن گروپی کوردی خرایە روو، کە لە ئەسڵدا پرۆژەی (پەرلەمانی کوردستان بوو)، یان ئەوەی لە لایەن کەسایەتی عێراقی و لایەنەکانی دیکەی نێو (ئەنجوومەنی دەسەلاتی کاتیی عێراق) ئامادەکرابوو بەتایبەتی ئەوەی حزبی شیوعی عێراقی یان ئەوەی (تەجەمووعی دیموکراتی سەربەخۆ) کە بە پرۆژەی (د.عەدنان پاچەچی) ناوزەد کرا، بەپێی سەرچاوەو کەناڵەکانی راگەیاندن، دیارە هەر ئەم پرۆژەیە، پاش هەندێ دەستکاری بووە وەرەقەی بنەڕەتی وتووێژی ئەم یاسایە. چاودێرانی سیاسی ئاگادار، پرۆژەکەی (پاچەچی)، بە پرۆژەی دەسەلاتی مەدەنی هاوپەیمان لە قەڵەم دەدەن، گوایە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی پرۆژەیەکی دەزگا پەیوەندارەکانی ئەمریکا بووە، کە پێش رزگار کردنی عێراق کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی بواری یاسا، چ ئەمریکی و ئەوروپی و چ عێراقی، سەرقاڵی دانانی بنەمای یاسایەکی وەها بوون بۆ عێراقی ئایندەو، ناوەڕۆکی ئەوەی لێی دەرچوو کە بەڕێز (پاچەچی) بڵاوی کردەوە، وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.
چی وچۆن بێت، خەلفیەتی پرۆژە، یان، پرۆژەکان، لە پایتەختی عێراق (بەغدا)و لەرێورەسمێکی تایبەتی و بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی هێزەکانی هاوپەیمان بەڕێز (پۆڵ بریمەر) و یاوەرانی، وەزیرەکانی حکومەتی کاتی و ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی میدیای جیهانی، وپاش دوو رۆژ لە میعادی ئیعلان کردنی، رۆژی ٢٠٠٤/٣/٨ مەراسیمی ئیمزا کردنی ئەم یاسایە واتە: (دەستوری کاتیی عێراقی) راگەیەندرا. ئەگەر چی ئەم (دەستووره) کاتییە بە (توافق) جاڕ درا، بەڵام برایانی عەرەبی شیعەی نێو ئەنجوومەنی کاتیی دەسەلات کە ژمارەیان (١٣) ئەندامە، (١٢)یان هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە کەموکوڕیەکانی ئەو دەستووره، پێش جاڕدانی بەرەسمی و لە کۆڕێکی رۆژنامەگەریدا راگەیاند. ئەم هەڵوێستە بوو کە دوو رۆژ مەراسیمی

ئیمزاکردن و راگەیاندنی ئەم (دەستووره) کاتییەی دواخست. ژمارەیەکی دیکەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دەسەلاتی کاتیی عێراق، لێرەو لەوێ گلەیی و گازندەیان هەبوو، بەلام کار نەگەیشتە ئاستی هەلوێستی (رەسمی)، هەندێکیشیان هەر روومەتی و لەژێر لێوەوە بوو.
یاساکە بریتییە لە دیباجەیەک و (٦٢) مادده. دیباجەکەی کە بەشێکە لەم (دەستووره)، داکۆکی لە سەر دەستکەوتەکانی ئازادی گەلی عێراق دەکات، کە رژێمی گۆر بە گۆڕی سەدام لێی زەوت کردبوو و، رەددانەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەکە، بە تایبەتی ئەوەی کە وەکو شێوەو شێوازی حوکمڕانی بە کاردەهێنرێت و یاسا لە عێراقی ئایندە بالادەست دەبێت و، لە چوارچێوەی میکانیزمێکی حوکمڕانی ئەوتۆ کە یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی : **سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەت و کردەوە رەگەزپەرستی و تایفەگەرییەکان بێت،** هەروەها چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان و رێزگرتن لە یاساکانی نێودەولەتی و گەڕانەوەی عێراق بۆ پلەو پایگەی سروشتی خۆی، وەکو یەک لە ولاتانی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەو (٦٢) ماددەی ئەم (دەستووره کاتییە)ی عێراق دابەش کراوە بە سەر (٩) بەش بەم شێوەی خوارەوە :

١- بەشی یەکەم : پێکهاتووە لە (٩) مادده(١-٩) لە ژێر ناونیشانی پرنسیبە بنەڕەتییەکان.
٢- بەشی دووەم: (١٤) ماددەیە (١٠-٢٣) و باسی مافە بنەڕەتییەکان دەکات.
٣- بەشی سێیەم: (٦) ماددەیە (٢٤-٢٩) و تایبەتە بە دەسەلاتی حکومەتی ئینتیقالی (حکومەتی ئیتیحادی ئینتیقالی).
٤- بەشی چوارەم: (٥) ماددەیە (٣٠-٣٤) و تایبەتە بە دەسەلاتی یاسادانانی ئینتیقالی(کۆمەلەی نیشتیمانی).
٥- بەشی پێنجەم: (٨) ماددەیە (٣٥-٤٢) تایبەتە بە دەسەلاتی راپەڕاندن بەهەردوو بالەکەیەوە (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی).
٦- بەشی شەشەم: (٥) ماددەیە (٤٣-٤٧) باسی دەسەلاتی دادوەری (ئیتیحادی) دەکات.
٧- بەشی حەوتەم: (٤) ماددەیە (٤٨-٥١) تایبەتە بە پێکهاتە و دەسەلاتی دادگای تایبەتمەند وهەیئاتی نیشتیمانی.
٨- بەشی هەشتەم:(٧) ماددەیە (٥٢-٥٨) و پەیوەندارە بە هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و هەیئەتە خوجێییەکان.
٩- بەشی نۆیەم: (٤) ماددەیە لە(٥٩-٦٢) تایبەتە بە قۆناغی دوای قۆناغی ئینتیقالی.

پێش ئەوەی بێینە سەر ناوەڕۆکی باس کردنی بەندە پەیوەندارەکانی ئەم یاسایە بە کێشەی کورد و مافەکانی، پێویستە سەرنجی خوێنەرانی ئازیز راکێشین بۆ چەند خاڵێک:

١- ئەم (دەستووره) کاتیە، لە کاتێکدا پێشنیار کراوە و باسی لەسەر کراوە و بەم شێوەیە داڕشتراوە ودواتریش پەسند وئیمزا کرا وجاڕ درا، وەکو ئەوەی لە بەردەستدایە، عێراق داگیر کرابوو. وەکو دەوڵەت وحکومەت بە (قەوارە و بە ناوەڕۆک) نەمابوو، داگیرکەریش کە ئەمریکایە بە هاوپەیمانیەتی بەریتانیا، گەورەترین و بە هێزترین دەوڵەتە لەم سەر زەمینە، بە دەر لە خواست و بڕیاری کۆمەڵگای نێودەدەوڵەتی و **لە بن دروشمی رزگاری هاتە ژوورەوە، بە داگیرکەر خۆی ساغ کردەوە** و بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (١٤٨٣) لە ٢٠٠٣/٥/٢٢ وەکو و داگیرکەر حوکمی ئەم عێراقە دەکات.

٢- بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (١٤٨٣) لە٢٠٠٣/٥/٢٢، بە غیابی نوێنەری گەلانی عێراق بوو، واتە بێ ئاگاداری و خواست و ئیرادەی خەڵکی عێراق بووەو، لەسەر پێشنیاری ئیسپانیا و بەریتانیاو ئیرلەندەی باکوور و ئەمریکا بوو. جگە لە سوریا کە بە ئارەزووی خۆی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو، وەکوو هەڵوێستێک، هەموو ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی موافق بوون.

٣- ئەم (دەستووره) ئەو کات ئیمزا کرا لە لایەن (ئەندامانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی عێراق)، کە بەڕێز (پۆڵ برێمەر)، بەڕێوەبەری ئیداری مەدەنی دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمریکا لە عێراق، پەسندی کرد. بەڕێز (برێمەر) مافی (ڤیتو)ی هەیە لەسەر هەر وشەو زاراوەو دەقی برگە و ماددەکانی ئەم یاسایە. بێ سەلماندن و رەزامەندی ناوبراو ئەم دەستووره لە دایک نەدەبوو.

٤- ئەم (دەستووره) کاتییە، پاش رەزامەندی (ئیدارەی داگیرکەر) لەلایەن ئەندامانی (ئەنجوومەنی کاتی) ئیمزا کرا، ئەم (ئەنجوومەنە)ش دەستکردی، ئیرادە و ئیدارەی داگیرکەری ئەمریکایە، لە رووی رەوایەتی و نوێنەرایەتیان بۆ خەڵکی عێراق، لە زۆر لاوە و بۆ زۆربەیان، چی لە رووی یاسایی و چی لە رووی سیاسیەوە، جێگای مشتوومڕ و گومانەو، هاوتەریب نییە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی. بەتایبەتی بۆ (یاسایەکی وەها کە لە پلەی دەستوور) دایە.

مەبەست لەم خاڵە (خوانە خواستە)، کەم کردنەوە نییە لە پلە و پایەی زۆر لەو کەسایەتیانەی نێو (ئەنجوومەن)، بەڵکو جگە لەوەی کە ئەو بەڕێزانە بە بڕیاری ئیدارەی ئەمریکا لە بەغدا پەسند و دامەزران، ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە و دەیبینین و گوێبیستین لە خودی هەندێ لەو بەڕێزانە: **دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمریکی زۆر گوێ نادات لەڕا و پێشنیارو بڕیارەکانیان**. بۆ نموونە دوای (قەباحەتی) بەندیخانەی (ئەبو غریب) نە (ئەنجوومەن) و نە وەزیری ناوخۆ و نە

وەزیری داد، بۆیان نەبوو بزانن چەند وکێ گیراوە و دەگیرێن. (هەر لەسەر زاری خۆیان لە چەند دیمانەیەکی راگەیاندندا) چەند جار هەردوو وەزیری ئاماژە پێکراو، داوایان لە دەسەڵاتی داگیرکەر کرد بوو، تەنها سەردانی (ئەبوغرێب) بکەن، موافق نەبوون..!.

ئەنجوومەنی دەسەڵات بە دەیان بڕیاریان دابوو، (برێمەر) زۆری لێ پەسند نەکردبوو. تاکو ئێستا نە ئەنجوومەنی دەسەڵات و نە وەزیرە پەیوەندارەکان، ئاگایان لە سەروەت و سامانی عێراق و بەتایبەتی (نەوت)و، مەلەفی ئەمنی نییەو، بۆیانیش نییە تەدەخل بکەن. تاکو ئێستا، موستەشارە ئەمریکی و ئینگلیزیەکان راستەوخو وەزارەتەکان بەڕێوە دەبەن، وەزیرەکان زیاتر، واجیهەن. ئەوە ماوەیەکە، ئیدارەی داگیرکەری ئەمریکی لە بەغدا، زانیاریەکی وەها بڵاودەکاتەوە، کە پێش کۆتایی حوزەیران/ ٢٠٠٤، هەندێ لە وەزارەتەکان تەسلیم بە عێراقیەکان دەکەنەوەو، تاکو ئێستا هەندێکیان لە رێورەسمێکی فەرمی تەسلیم کردووە..!

٥- ئەم (دەستووره) لە سەرەتاوە پرۆژەیەکی ئەمریکی بوو، بە هاندانی ئەوان، هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، بەڕێز (دکتور عەدنان پاچەچی)، پاش هەندێ دەستکاری روومەتی و لەبەرکردنی کراسێکی زبانەوانەی عەرەبی، پێشکەشی کرد. نەفەس وزاراوە و پرنسیپی ئەمریکی، ولاوازی دەقەکانی لە رووی زبانەوانیەوە، هەندێ لایەنی ئەم خاڵەمان بۆ دەسەلمێنێت، زیاتر لەمەش چەسپاندنی ئەم دەستووره کاتییە بەو شێوەیە کە هاتووە، بە **دەر نەبوو لە رۆڵ و فیشاری دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمریکی**.

٦- **چەند لایەنەکانی عێراقی** لە (ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی عێراق)، مەبەستیان یاسایەکی وەها بوو، **زیاتر و بەلەزتر**، لایەنی داگیرکەری ئەمریکی بوو. بۆ ئیدارەی ئەمریکی دەبوایە بە هەر جۆرێک و نرخێک، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵ، بۆ میللەت وناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکی و، لە پێش چاوی هەموو جیهان، بە رەسمی، دەسەڵاتی ئیدارەی عێراق تەسلیم بە عێراقیەکان بکات. چونکە لە کۆتایی مانگی حوزەیران و سەرەتای مانگی گەلاوێژی ئەم ساڵ، هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئەمریکا دەست پێ دەکرێت، بۆ بوش وئیدارەکەی و گشت پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، داگیرکردنی عێراق و ئەمن و ئاسایش ورەوتی رووداوەکان و، شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەکەوە و بەرهەڵستکارانیان چ ئیرهابیەکانی (القاعیدە) و کۆنە سەدامیەکان، چ ئەوانی دیکە، لە توێژە جیاجیاکانی خەڵکی عێراق و، تلانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەو زەلکاوە، (هەر وەکو چاودێرانی سیاسی و توێژەیەکی زۆری پایە بەرزی کاربەدەستانی ئەمریکی، لەنێو و لە دەرەوەی ئیدارەی بوش وحزبی کۆماری، ئاماژەی بۆ دەکەن)، **تەوەرێکی گرنگ و خاڵێکی گەرم و چارەنووسساز دەبێت** لەم هەڵبژاردنە، بەتایبەتی

بۆ بوش. تەسلیم کـردنی دەسـەڵاتیش بۆ مـەرام و لەبەر پرۆسـەیەکی وەهادا، دەبێت لەسـەر نەخشەو پیلان وخواستی ئیدارەی بوش بێت، نەخشەو خواستەکەشیان لە زۆر بەش ومادده و برگەکانی ئەم (یاسایە) بە زەقی بەدی دەکرێت. بۆیە مۆرکی پەلە کردنی ئیدارەی ئەمریکی لە دەرچواندنی ئەم (دەستوورە) کاتییە، بە سەر و سیماو ناوەروکی زۆر لە دەقەکانیەوە بە دی دەکرێت، چی لە شێوەی وەرگێرانەوە بۆ سەر زبانی عەرەبی، یان لاوازی تێکستەکان وتیکرار و تێخزانی هەندێ بەند و پرنسیپی بەسەرداچوو و، دوور لە کەلتووری عێراق و ناوچەکەمان، وزەقتریش دەقەکانی (راگرتنی تەوازن)ـە، لە لایەن دەسەڵاتی خاوەن (ڤیتۆ)ی ئەمریکاوە، بە ئومێدی ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکانی (ئەنجوومەنی کاتی دەسەڵات)، هەر یەک و شتێکیان هەبێت بۆ خەڵکی خۆیان، **با تەنها درووشمیش بێت**، بێ ئەوەی مەودا بدات هیچ لایەک وەکو پێویست بگات بە مەبەستی خوی. تەنها سەرکەوتوو (کاکە برێمەر) و ئیدارەکەی بێت. بە واتەیەکی دیکە : بو ئەوەی بەرێز (برێمەر) و تاقمەکەی بگەن بە مەرامی خۆیان، **هـەرچـی کەموکوری و کێشەی بنەرەتی هەیە خرایە بن بەرەوەو، دوا خرا بۆ دوا رۆژ وەکو ماکی ململانێ و دووبەرەکی لە نێوان هێزەکانی پەیوەندار**، ئەمەش یەک لە خیسڵەتە (نەجیب) و راست و درووستەکانی هەر هێزێکی داگیرکەر و خاوەن ئیمکانیات ودەسەڵاتە، بەرامبەر ئەوانەی خواروی خۆیان.. **بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم (دەستوورە) مافی هەموو لایەنەکانی عێراقی، بە (نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی)وە، زامن نەکردووە، بەڵام کەسیشی بێ بەش نەکردووە**.

٧- جاری یەکەمە لە مێژووی ئەم عێراقە داتاشراوە، کورد حزوورێک و رۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە دانانی یاسای بنەرەتی وڵاتێک، کە بێ حەز و ئیرادەی خۆی، بەگەل و نیشتیمانیەوە، ببێت بە پارچەیەکی. لەوەش گـرنگتـر، **ئەو حزوور و رۆڵە مێژوویە، لە مەوقیعی بێ هێزی و بێ سـەنگی نەبووە**، بەڵکو لە ئەنجامی خەبات و بەرخودانێکی دوور درێژو خوێناوی و پڕ لە کارەسات و نەهامەتی و سەروەری و سەربەرزی تاکو رزگاری ئەم عێراقە لە سەدامی خوێنرێژو، بەشداری لە پاراستن و چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانە بووە. بە واتەیەکی تر: **حـزوورو رۆڵی کورد لەم لاکێشە، منەتێک نییە لایەنەکانی عێراقی غەیرە کورد و هاوپەیانان لە ئیدارەی مەدەنی عێراق پێی ببەخشن**. بەڵام ئەوەی تەسبیت کراوە وەکو ماف، بەرەچاو کردنی هەموو کەموکوری و فرتوفێڵی دارشتنەوەی مادده و برگەکانی پەیوەندار، گشت خواست و بریار وئامانجەکانی کورد نییە لە چوارچێوەی ئەو (فیدراڵیەتەی) کە زۆربەی زۆری خەڵک و گشت هێزە سیاسیەکانی و پەرلەمانی کوردستان بریاریان لە سەر دابوو، هەروەها ئەو ١,٨ ملیۆن ئیمزایە کە لە رێگای لیژنەی (ریفراندۆمەوە) کۆ کرایەوەو درا بە ئیدارەی مەدەنی داگیرکەری ئەمریکا لە بەغدا و ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی عێراق.

٨- پێش ئیمزا کردنی ئەم (دەستووره) کاتییه و جاڕدانی، دەرفەت نەدرا بە خەڵکی عێراق و موئەسەساتی مەدەنی (ئەوەی مابوو یان دروست بوو)و، رۆشنبیران و پسپۆرانی بواره جیاجیاکانی زانست، بۆ لێکوڵینەوه و تاوتوکردن و باسکردنی وەکو پێویست، ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەسته لایەنی کوردیه، که تاکو دەرچواندنی ئەم دەستووره و بلاوکردنەوەی پێش چەند رۆژێک لە ئیمزا کردنی بە رەسمی، لە رێگای چەند کەناڵێکی عەرەبی راگەیاندن، نه پەرلەمانی کوردستان که بە (رەسمی) بەرپرسیاره لە بڕیاردان لەسەر کێشه چارەنووسسازەکانی کوردستان (برگه (٢)ی مادده (٥٦) یاسای ژماره(١) ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان «پەرلەمان»)، هەروەها نه سەرکردایەتی و کادیرانی پێشکەوتووی زۆر لە لایەنه سیاسییەکانی کوردستان، وەکو دەزگاو بزوێنەری سەنتەری بڕیار، کەسیان ئاگایان نەبوو لە تەفاسیل و دەقه رەسمییەکانی ئەو پرۆژەیه لە دوا داڕشتنەوەیدا هەر وەکو ئاگادارین. ئەگەر ئاگاداریش کرابن ئەوه تەنها سەره قەڵەم و پوختەو خاڵه سەرەکییەکانی قۆناغی دوا داڕشتنەوەی یاساکه بووه، هەر وەکو ئیمزاو جاڕ درا. چونکه ئەگەر پێش ئیمزاو جاڕدانی یاساکه پرۆژەکه بخرابایەته بەردەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتی و کادیرانی لایەنه سیاسییەکان و پسپۆڕان و رۆشنبیرانی کوردستان و، دەرفەت بڕەخسایه، بە شێوەیەکی وەها که هەموو لایەک بەو پرۆژەیەدا بچنەوه، ئەوه دوور نەبوو زۆر لەو کەموکوڕییانەی یاساکه هەر لەو کاتەدا چارەسەر بکرایەت و، ئاستەنگ و کۆسپەکان روون و ئاشکرا دەبوون بۆ خەڵکی کوردستان و، پشت ئەستوور بەو فشاره، لایەنی کوردیش لە ئەنجوومەنی دەسەڵات دەیتوانی زیاتر پێ داگرێت و باشتریش مووناوەره بکات...!

رۆژی ٢٠٠٤/٣/١٠ لە رێگای رۆژنامەی (خەبات)ـەوه، دەقی ئەم یاسایه بە عەرەبی و کوردی بەرچاو کەوت. واته پاش دوو رۆژ لە ئیمزاو جاڕدانی..!

ئەم جۆره مامەڵه کردنه بۆ کێشەیەکی وەها چارەنووسساز تەجاوزه لەسەر دەزگا شەرعییەکانی کوردستان، که هەمیشه لێپرسراوانی کورد جەختی لەسەر دەکەن و بە شان و باڵیدا لە کاتی پێویستدا هەڵدەدەن، هەروەها لاواز کردنی متمانەیه بە خودی ئەو دەزگایانه و لە دەستدانی مصداقیەتی ئەو لایەنانەیه لە نێو خودی ئەو دەزگا (رەسمی) و (حزبی)یانەو، بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، هەروەها لای دام و دەزگای داگیرکەری ئەمریکی و دۆستانی کوردو برایانی عەرەبی بالادەستمان لە عێراق، هەر بۆیه نیگەرانی و رەخنه یەکجار زۆرەو رێژەیەکی بەرچاوی جادەی کوردی تاکوو حەدێک تووشی نائومێدی و (احباط) بووه..!.

٩- لە هەندێ مادده و بڕگەی پەیوەندار بە کێشەی کورد وا دەردەکەوێت که شاندی کورد لە لیژنەی بڕیاردان و داڕشتنەوەی یاساکه ئاگایان لە پرۆسەی یاساکه نەبووه وەکو یەک (پاکێت) و لە

رووی یاسایی و زبانەوانی زۆر شتیان بەسەردا تێپەڕ بووە. جا چ فەرز کرابێت یان لە بێ ئاگایی و دڵپاکی، لە خەتی سووریان داوە. ئەگەر چی ئەمە جاری یەکەم نییە شاندی کورد لەسەر ماسەی گفتوگۆ هەلی لە دەست دەچێت، یان بە باشی سوودی لێ وەرناگرێت، بەڵام هیچ کات وەکو ئەمجارەیان نەبووە..!

(بە تایبەتی ئەگەر هاتوو تەرازووی هێز ورادەی هوشیاری خەڵکی کوردستان و ئەو توێژە زۆرەی کورد لە زاناو پسپۆرانی و ئەو هەموو دامودەزگا زانستیانەی کە هەمانە و بارودۆخی جیهانی و پێگەو پایەی کورد لە لاکێشەی عێراق و هاوپەیمانەکان)، بەراورد بکرێتەوە لەگەڵ هەلەکانی پێشوو، با ئەم لاسەنگییە لە ژێر فشاریش بێت و، با فشارەکەش لایەنی ئەمریکی بێت، یان سەختیی و ئاڵۆزیی بارودۆخەکە بێت.

١٠- گەر چی بە پێی خودی (ئەم یاسایە) (باڵاترین یاسایە) لە عێراق و دەکرێت پێناسە بکرێت وەکو (دەستووری کاتی)، بەڵام بەدەر لە بەشی یەکەم و دووهەمی، لە واقیعدا زیاتر لە بەڵگەنامەیەکی لێک تێگەیشتن)=(**وثیقە التفاهم**) دەچێت. هەر وەکو یاساناسێک لە دەرفەتێکدا باسی کرد. لەو روانگەوە نە لایەنی ئەمریکی و نە ئەنجومەنی حوکم بۆیان نییە یاسای باڵا (دەستوور) دەرچوێنن، چونکە بەدەر لە ویست و ئیرادەی خەڵکی عێراق حوکمڕانی دەکەن وەکو یاساناسەکانیش دەڵێن (**مابني علی الباطل باطل**). با ئەوەی ئامادەی کردووە و فشاری بە کار هێناوەو بە لەزە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بن.

بۆ ساغ کردنەوەی ئەو راستییانەی سەرەوە لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین:
چین ناوەڕۆکی ئەو ماددەو بڕگانەی (**پەیوەندار بە کورد**) کە (مایەی مەترسی و نیگەرانییە) لە یاسای (ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی)؟

لە سەرەتا ئاماژەمان بە دیباجەو بەشەکانی یاساکە کرد، هەر یەک لەو بەشانە کەم یان زۆر بە گشتی و بەتایبەتی، پەیوەندی بە تاک و بە کۆمەڵی کوردەواری و هەرێمەکەی و دامودەزگاکانیەوە هەیە. جگە لەمەش، ئەم (دەستوورە کاتییە) لە سەرەوەی یاسەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە وملزیمە بۆ هەموو و بنەمای دەستووری هەمیشەیی دوای قۆناغی ئینتیقالیشە. بۆیە مافێکی رەوای هەموو دامودەزگاو تاکێکی کوردە بە وردی و بە دیقەت ماددە بە ماددە وبڕگە بە بڕگە و بگرە زاراوەکانیش باش لە یەکدات و هەڵیسەنگێنێت، چونکە ئەم (دەستوورە) بۆ تاک و بۆ کۆمەڵی کوردەواریمان چارەنووسسازە بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئایندەشی، چ وەکو (عێراقیەک) یان وەکو کوردێک، یان هەر چی نەبێت دیکۆمێنتێکە بۆ دوا رۆژ!.

ئەمـەی لێـرەدا باسی لێـوە دەکـەین خـوێندنەوەی دەقـەکـانی ئەم یاسـایەیە وەکـو هاتـووەو، رایەک سەبارەت بە ناوەڕۆکی هەندێ لەو دەقانە و چی ئیجتـهاد و پێشبینی ئەوتۆی تێدا نییە ئەگەر بە دەگمەن شتی وەهاش بە دی کرا، ئەوە ئەو قاعیـدەیەی بە سەردا پیادە بکرێت کـە دەڵێت: ئەگەر باش و دروست بوو، ئەوە دوو ئەجرە، ئەگـەر واش نەبوو ئەوە یەک! و (سبـحـان من لا ینسیٰ ولا یخطئ).

لەم بەشە هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر :

* پێگەو مافی کورد لە دەسەڵاتی (یاسادانان)و، (کارگێڕی- بە هەردوو باڵەکەیەوە) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران.
* راگوێزان و تەعریب وگەڕانەوەی قەوارەی ئیداری شارو وشارۆچکەکانی کوردستان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.
* چارەنووسی کەرکووک.
* بەرەسمی ناسینی زبانی کوردی لە تەک زبانی عەرەبی لە عێراق.
* دەسەڵاتی ناوەندی ئیتیحادی و هەرێمی کوردستان.
* سەروەت وسامانی کوردستان.

وەکـو پسـپۆڕان و یاساناسان پێناسەی دەکەن، بە کورتی و بە کوردی دەستـوور باڵاترین یاسایە بۆ هەر وڵاتێک، بۆیە زۆر جار بە یاسای: (بنەڕەتی)، (دایک)، یان (یاسای یاسایان) دەژمێردرێت. واتە لە هەر وڵاتێک نابێت ناوەڕۆکی هیچ یاســایەک یان بڕیارو دەقــێکی یاســایی دیکە لە ناوەڕۆکی (دەسـتـوور) دەرچێت .هەر لەم روانگەوە (یاسـای ئیـدارەی دەوڵەتی عێـراق بۆ قـۆناغی ئینتیقـالی) ئەهمیەت و پایەبەرزی و گرنگی خۆی هەیە، جگە لە ناوەڕۆک. بڕوانە مادە (٣)ی ئەم یاســایە (ان هذا القانون یعد القانون الأعلى للبلاد ویکون ملزما في انحاء العراق کافە وبدون استثناء.... الی اخر المادة).

بۆ گـەلی کـورد، بە تـایبـەتی: **عیبرەت لە پرەنسیپەکانی نێو دەقی ماددە و بڕگەکان نییە، بەقەد چۆنیەتی داڕشتنی ماف و پرەنسیپەکان و میکانیزمی جێبەجێ کردنی و لە هەمووشی گرنگتر لە نێو دەستووردا، بۆ ئێمەی کورد جگە لەوانە: دەسەڵات لە کوێ کۆ دەبێتەوە؟ کاریگەریان لەسەر چارەنووسی بڕیار دان و زەمانات چیە**..؟!

ئەم دەستووورە کاتییە، (جگە لە پرەنسیپ و مافە بنەڕەتییەکان، کە ناوەڕۆکی لە دەستوورەکانی وڵاتانی دیکەی سەر ئەم زەمینە و بگرە لە دەستوورەکانی عێراقی پێشوش کەم یان زۆر دەچێت)

و، بەدەر لە پرەنسیپە ئەساسیەکان و هەندێ لایەنی ماف و دەزگاکان بە گشتی، ئەوەی ماوەتەوە وەکو بلێیت (چێشتی مجێورە) و دوورە لە هەیکەلییەت و ناوەڕۆک وداڕشتنەوەی (دەستوور)، لە گەڵ ئەوەشدا پێناسە کراوە هەر چۆن باسمان کرد وەکو بالاترین یاسا، بۆ قۆناغی ئینتیقالی و، بەو شێوەیەش کاری پێدەکرێت.

بە پێی ئەم (دەستوورە)، دەسەلات (ترکیز) کراوە لە (کۆمەڵەی نیشتیمانی) ئینتیقالی. وەکو دەزگای یاسادانان. هەندێکیش لە (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) + (ئەنجوومەنی وەزیران) واتە (دەسەلاتی کارگێڕی بە هەردوو باڵەکەیەوە). دەسەلاتی دادوەریش جیا کراوەتەوە و، بایەخێکی زۆریشی پێدراوە ئەمەش لە دەقی مادده پەیوەندارەکاندا بەدی دەکرێت جیا لەوەش، لە چەند بوارێکدا (دەسەلات) دراوە بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاو شارەوانیەکانیش.

ئەم (دەستوورە) کاتیە لە رووی زبانەوانی و داڕشتنی دەقی یاسایی و تیکرار، شارەزایانی ئەو بوارانە دەڵێن لاوازی وکەمکوڕی زۆری پێوە دیارە، ئەمەش پسپۆرانی ئەو مەیانانە کاراما وشارەزاترن، دەکرێت لێکۆڵینەوە و باسی بکەن، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، لێرەداو لەم دەرفەتەدا ماف و رۆڵی کوردو سنووری دەسەلاتیەتی...هتد.

یەکەم:
دەسەلاتی یاسادانانی (ئیتیحادی)

١-بە پێی مادده (٣٠) بڕگە(أ) :(دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەسەلاتێکی یاسادانانی دەبێت بە ناوی **کۆمەڵەی نیشتیمانی** وەزیفە سەرەکییەکەی دانانی یاساو چاودێری دەسەلاتی تەنفیزییە.) دەقە عەرەبیەکەی:(يكون لدولة العراق خلال المرحلة الأنتقالية **سلطة تشريعية** تعرف بأسم **الجمعية الوطنية** ومهمتها الرئيسية هي تشريع القوانين والرقابة على عمل السلطة التنفيذية.)

٢-لەمادده (٣١) بڕگە (أ) دا هاتووە (کۆمەڵەی نیشتیمانی لە (٢٧٥) ئەندام پێکدێت). دەقە عەرەبیەکەی: (تتألف الجمعية الوطنية من ٢٧٥ عضوا"..).

٣-بە پێی مادە (٣٢) بڕگە (ب) **کۆمەڵەی نیشتیمانی** سەرۆک و دوو جێگر هەڵدەبژێرێ.

٤- بەپێی مادده (٣٣) بڕگە (أ) :(... هەموو بڕیارەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیی بە **زۆرینەی سادە وەردەگیرێن** مەگەر دەقی ئەم یاسایە بەم شێوە نەبێ.) عەرەبیەکەی (... وتتخذ القرارات في الجمعية الوطنية **بالاغلبية البسيطة** الا اذا نص هذا القانون على غير ذلك.)

٥- له مادەی (٣٦) بڕگه (أ):

(أ- **کۆمەڵەی نیشتیمانی سەرۆکی دەوڵەت و دوو جێگر** که ئەنجومەنی سەرۆکایەتی **پێک دێنن، هەڵدەبژێرێ**، که وەزیفەکەی نوێنەرایەتی سەروەری عێراق و سەرپەرشتی کاروباری گشتی وڵاته، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی به یەک لیست و به زۆربەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێ.

ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆی هەیه هەر ئەندامێک له ئەندامەکانی سەرۆکایەتی دەوڵەت ناچار بکات به زۆرینەی سێ لەسەر چواری دەنگەکان دەست لەکار بکێشێتەوە لەبەر بێ توانایی یا چەوت و چەوێلی.

له حاڵەتی (شاغر) له دەستەی سەرۆکایەتیدا ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی به ڕێژەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکان جێگرەوەیەک هەڵدەبژێرن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییه.)

دەقه عەرەبییەکەی: تنتخب الجمعية الوطنية رئيسا للدولة ونائبين له يشكلون مجلس الرئاسة التي تكون وظيفتها تمثيل سيادة العراق والاشراف على شؤون البلاد العليا. يتم انتخاب مجلس الرئاسة بقائمة واحدة وبأغلبية ثلثي اصوات الاعضاء. وللجمعية الوطنية صلاحية اقالة أي عضو من اعضاء مجلس الرئاسة باغلبية ثلاثة ارباع اصوات اعضائها لعدم الكفاءة او النزاهة. وفي حالة وجود شاغر في الرئاسة تنتخب الجمعية الوطنية بثلثي اعضائها بديلا له لملئ هذا الشاغر.)

٦- به پێی ماده (٣٧):

(٣٧- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت هەر بڕیارێک که کۆمەڵەی نیشتیمانی دەریدەکات رابگرێت، ئەمەش **له ماوەی پازده ڕۆژ**، لەو مێژووەی که سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئەو بڕیاره به ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رادەگەیەنێ،له کاتی راگرتنەکەدا، بڕیارەکه بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی دەگەڕێتەوەو کۆمەڵه دەتوانێ **له ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا** جارێکی دیکه بڕیارەکه به دوو لەسەر سێی دەنگەکان پەسند بکات، **که ئەمجارەیان قابیلی راگرتن نییه**.)

دەقه عەرەبییەکه: يمكن لمجلس الرئاسة نقض أي تشريع تصدره الجمعية الوطنية. على ان يتم ذلك خلال خمسة عشر يوما من تاريخ ابلاغ مجلس الرئاسة من قبل رئيس الجمعية باقرار ذلك التشريع. وفي حالة النقض يعاد التشريع الى الجمعية الوطنية التي لها ان تقر التشريع **مجددا بأغلبية الثلثين غير قابلة للنقض خلال مدة لا تتجاوز ثلاثين يوما.**

واتە:

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت هەر یاساو بڕیارێک کە کۆمەڵەی نیشتیمانی دەریدەکات رابگرێت. بە مەرجێک:

* لە ماوەی ١٥ رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنی بە (سەرۆکایەتی) و هەر لە کاتی راگرتنەکەدا ئەو یاسا یان ئەو بڕیارە بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی دەگەڕێنێتەوە. کۆمەڵەی نیشتمانی ئەم جارەیان ،لە ماوەی (٣٠) رۆژدا دەتوانێ (جارێکی دیکە بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بڕیاری لە سەر بدات، ئەم جارەیان قابیلی **(راگرتن نییە)** لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە. واتە (مافی ڤیتۆ)ی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نامێنێت واتە: **دەسەڵاتی کۆتایی و یەکلاکەرەوە(حاسم) لای (کۆمەڵەی نیشتیمانی)یە.**
* بۆ دەستنیشان کردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی پێک بێن یان نەیەن بە تێکرای دەنگ لە سەر کەسایەتییەک ،**ئەوە بڕیاری کۆتایی لای (کۆمەڵەی نیشتیمانی)یە.** ئەگەر (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) پێک هاتن ئەو کات (کۆمەڵەی نیشتیمانی) بە زۆرینەی رەها (الاکثریە المطلقە= نیوەی ئەندامانی کۆمەڵە+١) بڕیاری خۆی ئەدات بە پەسندکردنی پێشنیارەکەی (ئەنجوومەن) یان رەتکردنەوەی. ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێک نەیەن لەسەر شەخسی سەرۆک وەزیران یان ژمارەی کابینەکەی یان لەسەر شەخسی وەزیرەکان بۆ نموونە، ئەوە دیسان **بڕیاری کۆتایی لای (کۆمەڵەی نیشتمانی)یە، تەنها جیاوازی ئەمجارەیان وەلاوەنانی هەڵوێست و دەسەڵاتی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) و، هەروەها رێژەی دەنگەکانی (کۆمەڵە)، کە ئەو کات دەبێت (٣/٢)ی کۆی گشتی ئەندامانی بێت = (١٨٣) دەنگ.**
* دیارە لە خودی ناوەڕۆکی ئەم ماددە و دەق و ماددەکانی دیکەی ئەم (دەستوورە کاتییە) **هەموو دەسەڵاتەکان کۆکراوەتەوە لای (کۆمەڵەی نیشتیمانی)** چی بە قۆناغێک بێت یان بە دوو قۆناغ واتە (حەسم) **لای ئەم کۆمەڵەیە، (حەسم)یش** بە دەنگدانە و، دەنگدانیش بریتییە لە **زۆرینە و کەمینە** و، بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی دەنگدان (رێژەی) گروپی کوردی رۆڵی (حاسم)ی نییە...! و کیشەکەش لێرەدایە ..!

چۆن حاسم نییە؟

وەکوو باسمان کرد ژمارەی ئەندامانی (کۆمەڵەی نیشتیمانی (٢٧٥) کەسە. ژمارەی کورد لەم کۆمەڵەیە لە چوارچێوەی ئەم (٣) ئەگەرە دەبێت:

ئەگـەری یەکـەم: ئەگەر هاتوو ڕێژەی کورد وەکو ژمارەیان لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتیدا کە(٥) کەسن لە کۆی گشتی(٢٥) کەس واتە ٢٠ ٪. بەم پێیە ژمارەی کورد لە (٥٥) ئەندام تێناپەڕێت.

ئەگــەری دووهەم: وەکو کورد پێش ئێستا داوای کردووە واتە ڕێژەکەی (٢٥ ٪) بێ، ئەوە (٦٩) ئەندام دەبێت.

ئەگەری سێهەم: لەسەر ئەساسی پارێزگا بێت ئەوە دوور نییە ژمارەی کورد هەر لە چوارچێوەی ئەو دوو ژمارەیە بخولێتەوە، ئەگەر کەمتریش نەبێت.

لە هەر سێ حاڵەتدا گروپی کوردی بەرامبەر بە زۆرینەی برای عەرەبی باڵادەستمان نوێنەرانی دیکەی غەیرە کورد کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت لە پرۆسەی دەنگدان. بە هەموو ڕێژە یاساییەکانی دەنگدان، لە کۆمەڵەی نیشتیمانی، چونکە هەر یاسایەک یان بڕیارێک ئەگەر ڕێژەی دەنگی بۆ تەحدید نەکرابێت بە دەق، ئەوە بە زۆرینەی سادە دەبێت. (الاکثریه البسیطه)، لە حاڵەتی وەهادا بۆ بڕیاردان لەسەر هەر یاسایەک لە دانیشتنێکی یاساییدا لای کەمەوە پێویستی بە (**٦٩**) دەنگ هەیە، لە کۆی گشتی نیوەی ئەندامانی (کۆمەڵە+١). واتە دەنگی گروپی کوردی هیچ مەوقعێکی چارەنوسسازی تێدا ڕەچاو ناکرێت (خۆی بە خۆی)، بۆ ڕێژەی زۆرینەی ڕەها (الاکثریه المطلقه) لای کەمەوە **١٣٨** و، بۆ ڕێژەی (٣/٢)ی کۆی گشتی ئەندامان(**١٨٣**) و بۆ (٤/٣)ی کۆی گشتی ئەندامان **٢٠٦** دەنگ .لێرەدا دەردەکەوێت لە هەر ئەگەرێک لەم ئەگەرانە گروپی کوردی ناتوانێت هیچ یاسا یان بڕیارێک ڕاگرێت، ئەگەر ئەو جۆرە زۆرینەی لە پشت نەبێت. بە واتەیەکی دیکە ژمارەی ئەندامانی بلۆکی کوردی لە کۆمەڵەی نیشتیمانی ڕۆڵێکی ئەوتۆی کاریگەریان نابێت لەسەر چارەنوسی یاساو بڕیارەکانی کۆمەڵە، بێ پشتیوانی لایەنی زۆرینەی عەرەب و ئەندامانی دیکەی غەیرە کورد، یان لە هەر پرۆسەیەکی دەنگدان ئەگەر هاتوو (بە گشتی) زۆرینەی بلۆکی عەرەبی باڵادەست سووربێت لەسەری.

٧- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی (کۆمەڵە) لە (٣) کەس پێک دێت وەکو لە سەرەوە باسمان کرد. یاساکە شێوەی هەڵبژاردنی و دەسەڵاتەکانی دیاری کردووە.. لەم یاسادا بە هیچ جۆرێک باسی نوێنەر یان ڕێژەی کوردی تێدا نەکراوە. واتە لە رووی یاسایی و دەستوورییەوە کۆمەڵەی نیشتیمانی کە لە نێوان خۆیاندا ئەو (٣) کەس بە یەک لیست هەڵدەبژێرن مەرج نییە کوردی تێدا هەبێت، (ئەگەر لە دەرەوەی ئەم دەستوورە یان لە پاشکۆکەی ئاماژەی بۆ نەکرێت)، ئەگەر هەبێتیش ئەوە ئەو کوردە لەم دەزگایە مۆرکی نەتەوایەتی پێوە نییە، چونکە دەقە یاساییەکەی

مـولزەم و ڕەها نییە کە دەبێت نوێنەری گەلی کورد لەوێ هەبێت، دەکرێت نەبێتیش، **لێـــرەدا مـەبەست لە پشت ڕاسـتی و ڕەهایی** پێگەو ڕۆڵی گرووپی کوردییە بۆ زامن کردنی مافەکانی کورد، کە خۆی بە تەنها هیچی پێ ناکرێت وەکو نوێنەرایەتی میللەتی کورد لە نێو زۆرینەیەکی وەها (ڕەها)داو، مـۆرکی نەتەوایەتی پێـوە نییـە هەر هەمـان شت سـەبارەت بە (ئەنجـومـەنی سەرۆکایەتی= مجلس رئاسە الدولە).

٨- دامـەزراندن و دەسـەڵات و لابردنی(ئەنجـوومــەنی سـەرۆکـایەتی) بەدەسـتی کـۆمـەڵەی نیشتـیمـانییە. بڕیارەکانی (ئەنجوومەن) بە کۆی دەنگە واتە بە(تەوافق)ـە، بەڵام هەر کات پێک نەهاتن کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ (**کۆمەڵەی نیشتمانی**)، لەوەیش وەکو باسمان کرد کورد دەسەڵاتی سنووردار کراوە بە ژمارە و، چی دەقێکیش نییە وەکـو (گەرەنتی- ضمـان) مـافی کورد یان هەڵوێستی کورد بپارێزێت لە پرۆسەی (دەنگدان)، جگە لەو پرنسیپ و مافانەی کە لە خودی (دەستورەکە)دا ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە ئیعتراز و ڕاگرتنی هەر یاسا و بڕیارێک لە لایەن نوێنەری کورد لە (**ئەنجومەنی سەرۆکایەتی**)، ئەگەر هەبێت، زیاتر (شکلیە) لە واقعدا **ناتوانێت هیـچی وەها بگۆڕێت**. هەبوونی کورد لەم ئەنجـومـەنە جگە لەلایەنی **مـــەعنەوی** بەشداربوون، **لە واقعی عەمەلیدا گەرەنتی نییەو وەکو زۆر کەس بەو شێوەیە باسی دەکات یان لێی تێگەیشـــتـــووە** و، هەوڵیش دەدرێت لە ناو خـەڵکی کـوردسـتـاندا بۆچوونی وەها بچەسپێت..!، ئەمەش ڕاست و ڕەوا نییە.

پوختەکەی

لەپوختـەی ناوەڕۆکی دەقی هەندێ لەو مـاددە و بڕگـانە کـە پەیوەندیان بە خـاڵی سـەرەوە هەیە سەبارەت بە کورد و بەشی دەزگای یاسادانان و هەردوو باڵەکەی (کارگێڕی)، دەردەکەوێت :

١- بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی: یاساکە بە هیچ شێوەیەک باسی ژمارە یان ڕێژەی کوردی تێدا نییە. بە واتەیەکی دیکە لەو (٢٧٥) ئەندامەی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئاماژە نەکراوە دەبێت چەندی کورد بن، یان باسی چۆنیەتی پێکهاتەی **سەرۆکایەتی** ئەم دەزگایە نەکراوە، کە ژمارە و پلەی کورد چەند و چۆن دەبێت. وەکو پرنسیپ دەقەکان بە (ڕەها)یی هاتووە. **واتە کـورد وەکـو هەر هاووڵاتیـەکی دیکەی عێـراق حزووری دەبێت لەو دەزگـایە نەک لەسـەر بنەمـای نەتەوایەتی**، (هەتاکو ئاماژەش نەکراوە بە زاراوە داتاشراوەکەی (جوگرافی مێژووی وەکو پەردە پۆشێکی فیـدراڵیـەتی پارێزگاکـان). واتە لە کۆمـەڵەی نیـشتـیمـانی وەکو تەنهـا دەزگای یاسـادانانی عێراقی (ئیتیحادی)، **حزووری کـورد چ مۆرکێکی نەتەوایەتی پێوە دیار نییە**، ئەمـەش دوورە

لە واقع وداخوازی ئەو فیدراڵیەتە کە کورد داوای کردوو و لەپێناویدا خوێن وفرمێسکی ڕشتووە.

٢- لەم دەزگایە ژمارەی کورد کەمینە دەبێت و هیچ (گەرنتی- ضمان)ێکی یاسایی نییە، مافەکانی کورد لە هەڵوێست و بڕیاری زۆرینە بپارێزێت بۆیە کێشەکانمان دەکەوێت ژێر ڕەحمەتی زۆرینەی غەیرە کوردی نێو کۆمەڵەی نیشتمانی.

٣- لە دەسەڵاتی کارگێڕی بە هەردوو باڵەکەیەوە (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) و (سەرۆک وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیران) کە ئەمەی دووهەمیان دەسەڵاتێکی یەکجار فراوان و گرنگی هەیە،(بڕوانە مادده ٢٥ی ئەم دەستوورە)، هەمان شت دووپات دەبێتەوە کە لە خاڵی (١)ی سەرەوە باسمان کرد.

باشە ئەگەر ئەو (فیدراڵییەت)ـە کە لەسەر ئەساسی (جوگرافی و مێژووی) دیار کراوە لەم (دەستوورە کاتییە)دا، مانای (فیدراڵییەتی جوگرافی نەتەوایەتییە) هەر وەکو هەندێ لە بەرپرسانی کورد باسی لێوە دەکەن، یان ڕوونتر بەپێچەوانەی مادده چوار (ئەم دەستوورە) وەکو پێناسەی ڕژێمی دەسەڵاتی ئایندەی عێراق:

المادة الرابعة: النظام في العراق جمهوري اتحادي (فيدرالي)، ديمقراطي، تعددي ويجري تقاسم السلطات فيه بين الحكومة الاتحادية والحكومات الاقليمية والمحافظات والبلديات والادارات المحلية. ويقوم النظام الاتحادي علي أساس الحقائق الجغرافية والتاريخية والفصل بين السلطات **وليس على أساس الاصل او العرق او الاثنية او القومية او المذهب**.

دەڵێین باشە ئەگەر یەکەیەکی (جوگرافی مێژوویی) لە نەژاد و ڕەگەز و ڕەسەنی و **نەتەوایەتی و مەزهەب ڕووتکەیتەوە تۆ بڵێیت چی تری تێدا بمێنێتەوە..؟!**، لە غەیری یەکەیەکی فەردی (هاووڵاتی) ئیداری! واتە پارێزگا!. ئەی کوا **مۆرکی نەتەوایەتیمان و بەش وریژەو زەماناتی کورد..!** دەقەکانی ئەم بابەتە کە لەم (دەستوورە) دا چەسپ کراوە، **حزووری کورد لەم دەزگایانە، جگە لە مافی هاووڵاتی و لەسەر ئەساسی (پارێزگا) چی تر نییە**. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەو یەکە فیدراڵییەتە یان فیدراڵییەتەکان کە بڕیارە دروست بکرێن، لەسەر ئەساسی (...الحقائق الجغرافية والتاريخية والفصل بين السلطات **وليس على أساس الاصل او العرق او الاثنية او القومية او المذهب...الخ. مادده «٤»)**، باسی ئاینی تێدا نییە لە یاساکە لەو ماددەیە بۆ دامەزراندنی یەکەیەکی فیدراڵی جیاوازی (ئایین)ی ئیستیسنا نەکردووە، کەچی ڕەگەز و نەتەوە..هتد، ئیستیسنا کراوە و نابێت یەکەیەکی فیدراڵی لەسەر ئەو بنەما یان بنەمایانە

دامەزرێت...! واتە دەکرێت فیدراڵییەت لەسەر بنەمای (ئایین) دابمەزرێت.. بۆ نموونە وەکو تیۆری برا مەسیحیەکانی عێراق یان کەسانێکی دیکەی غەیرە (ئیسلام) لە عێراق بۆیان هەیە داخوازی فیدراڵییەت بکەن بەپێی جیاوازی (ئایین)، بەڵام کورد بۆی نییە فیدراڵییەتەکەی لەسەر بنەمای رەگەز یان نەتەوە دامەزرێنێت، یان فیدراڵییەت نابێت لەسەر ئەساسی (مەزهەب) دروست بکرێت..!

جارێکی دیکەش دەڵێین ئێمە لێرەدا دەقەکان دەخوێنینەوە. دەقەکانیش (رەها)نە، کەسیش دڵ ودەروونی موشەریع ناخوێنێتەوە. و سیاسەت بەنییەت نییە. ململانێکە و پیادەکردنی ئەنجامەکانی هەر لەسەر ئەو دەقانە دەبێت. وەکو دەڵێن: (شەیتان لە تەفاصیل دایە). **تەهمیش ولاواز کردنی دەسەڵاتی کورد یان ئیحتوا کردنی کێشەکەی وەکو خاک وەکو گەل هەر یەکە**، چ بە زۆر و زەبری چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی و، چ لە گەمەیەکی دیموکراسی کە تێدا کورد کەمینەیە و هەر لە سەرەتاوەش دەزانێت دەیدۆڕێنێت، جگە لە دەقی گومان لێکراو وپۆسە ئاسا..!

دەقەکانی مادده و بڕگە پەیوەندارەکان روونن، هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، لەگەڵ ئەوەش لە راگەیاندنی زۆربەی لایەنە کوردیەکان و لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە رەسمییەکاندا، راستیەکان وەکو هەیە ناخرێنە روو یان بە رستەیەک وەکو: (ئەگەر چی هەندێ کەموکوڕی رەچاو دەکرێت لەم یاسایە)... (هەموو شت بە دڵی کورد نەبوو)... (ئەم دەستوورە بۆ قۆناغی ئینتیقالییە)... (هەر ئەوەندەمان پێ کرا)... هتد. کێشەکە پەردە پۆش دەکرێت.

باشە :

کێ ئیجباری کورد دەکات یاسایەک پەسند کات، کە هەر لە سەرەتاوە باش دەزانێت لە کێشە چارەنووسسازەکان و دروست کردنی بڕیار پاشکۆیە و هیچی پێ حەسم ناکرێت وەکو کەمینە لە پرۆسەیەکی (دیموکراسی) دەیدۆڕێنێت. ئەمە وەکو بڵێیت فێڵ کردنە لە خۆ...!

ئەگەر پیاوەتیە ئەم (پیاوەتیە) هیچی وەهای پێوە نایەت، جگە لەسەرئێشە بۆ بڕیاردەری کورد و دوور خستنەوەی جەماوەری کوردستان لە پێچ وپەنای کێشەکەی و تەهمیش کردنی رۆڵی ئەم جەماوەرە لە دوا بڕیاری چارەنووسی خۆی!.

ئەگەر مروونەت وشەفافیەتە بۆ دەبێ کورد هەمیشە کێشەی خۆی بکاتە قۆچی قوربانی بۆ خەڵکی دیکە..!

ئەگەر فەرز کراوە بۆ قەبووڵ بکرێت؟! قەبووڵ نەکردنیش مەرج نییە شەڕو دوژمنایەتی ئەمریکا بێت...!

دووهەم: تەعریب و راگوێزان و گەڕانەوەی تەواوی ئیداری شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ دۆخی جارانی کۆنی خۆی و، چارەنووسیان بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە.
بەپێی ئەم دەستووره کاتییە دەکرێت بڵێین:
ئەم کێشەی بە (٣) قۆناغی سەرەکی ئەنجام دەدرێت هەر وەکو لە مادە (٥٨) دا هاتووە:
٥٨-أ- : (حکومەتی ئینتیقالی عێراق و بەتایبەت دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی مولکایەتی زەویوزار و هەر لایەنێکی دیکەی پەیوەندیدار بە پەلە ئیجرائی پێویست دەکەن بۆ هەڵگرتنی ئەو زوڵمەی بەهۆی کردەوەکانی **رژێمی پێشوو** روویداوەو بۆتە هۆی گۆڕینی دیموگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاری کراو (لەنێویاندا کەرکووک) لە رێی گواستنەوە و نەفی کردنی خەڵکانێک لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان و، لە رێی راگواستنی زۆرە ملێ لە ناوچەکە و دەرەوەیدا و نیشتەجێ کردنی خەڵکانی غەریب وغەوارە بە ناوچەکەو، بێبەش کردنی دانیشتوان لە کار کردن و هەروەها لە رێی (تصحیح القومیه)وە.

بۆ چارەسەری ئەم زوڵمە پێویستە حکومەتی ئینتیقالی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ:

١- سەبارەت **بەهاوردە ونەفی کراو و راگوێزراوەکان وکۆچ پێکراو و کۆچبەرەکان**، بە گونجاندن لەگەڵ یاسای هەیئەتی باڵای چارەسەریی کێشەکانی مولکایەتی زەوی وزار و ئیجرائاتە یاساییەکانی دیکە و ئەرکی حکومەتە کەلە **ماوەیەکی ماقوولدا** ئەو هاوردانە بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان، **ئەگەر ئەوەش نەتواندرا**، پێویستە **حکومەت قەرەبوویەکی عادیلانەیان بکاتەوە**.

٢- سەبارەت بەو کەسانەی بۆ ناوچە وجێگەی دیاری کراو گوێزراونەتەوە دەبێ حکومەت بەپێی مادەی (١٠)ی یاسای هەیئەتی باڵای چارەسەریی کێشەکانی مولکایەتی زەوی و زار مامەڵەیان لەگەڵ بکات لەپێناو زامنکردنی **دووبارە نیشتەجێ کردنەوەیان**، **یاخود بۆ زامن کردنی ئیمکانیەتی قەرەبووکردنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە**، یاخود ئیمکانیەتی بەخشینی زەویی دیکە پێیان لەلایەن دەوڵەتەوە و لە جێیەکی نزیک شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەو پارێزگایەی لێوەی هێندراون، **یاخود ئیمکانیەتی قەرەبوو کردنەوەیان** لە جیاتی ئەو تێچوونەی لە گواستنەوەیاندا بۆ ئەو ناوچانە کەوتۆتە سەریان.

٣- سەبارەت بەو کەسانەی مەحروم کراون لە دامەزراندن یاخود لە دەرفەتی دیکەی خۆ ژیاندن بە مەبەستی ئەوەی ناچاریان بکەن هیجرەت بکەن و هەرێم و زەوییەکانیان بە جێ بهێڵن، **پێویستە حکومەت هانی ئەوە بدات** دەرفەتی نوێی کاریان لەو ناوچەو زەوییانەدا دەستبکەوێ.

٤- سەبارەت بە (تصحیح القومیە)ش، پێویستە حکومەت هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندیدارن بەو مەسەلەیە ئیلغا بکاتەوەو ڕێگە بدات ئەو خەڵکە زیان لێ کەوتووە بە بێ زەبرو زۆر و فشار مافی خۆیان لە دیاری کردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئینتیمای نەژادیی خۆیان پیادە بکەن). جێبەجێ کردنی ئەم ئیجرائاتە هەنگاو بە هەنگاو دەبێت:

هەنگاوی یەکەم: بەپێی یاسای هەیئەتی باڵای چارەسەری کێشەکانی موڵکایەتی زەوی و زار و ئیجرائاتە یاساییەکانی دیکە حکومەتی ئینتیقالی لە ماوەیەکی **ماقووڵدا** ئەوکەسانەی کە ماددەکە دەیان گرێتەوە چارەسەری کێشەکانیان بکرێت.

لێرەدا چەند تێبنیەیەک زەق دەبێتەوە:

تێبینی یەکەم: لەم دەقە ئەوەی ڕەچاو دەکرێت: ئەم ئیجرائاتانەکە لە بڕگە وخاڵەکانیدا هاتووە، **تەنها تاوانەکانی تەعریبی ڕژێمی سەدام دەگرێتەوە**، بڕوانە ڕستەی (هەڵگرتنی ئەو زوڵمەی بەهۆی کردەوەکانی **ڕژێمی پێشوو** ڕوویداوەو بۆتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاری کراو (**لەنێویاندا کەرکووک**). بە واتایەکی تر تەعریبی سەردەمی ڕژێمی پێش قاسم و قاسم یان بەعسی ساڵی ١٩٦٣ یان سەردەمی هەردوو عارفی برا ناگرێتەوە. (ئەم تەحدیدە لە چەند جێگایەکی دیکەی یاساکە دووپات دەبێتەوە، بۆ نموونە: بڕوانە ماددە (٦).

لە کاتێکدا پانتاییەکی زۆر لە کوردستانی عێراق (پێش ڕژێمی پێشوو)و لەسەر دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق تەعریب کراوە.

تێبینی دووەهەم: ڕستەی (**ئەگەر ئەوەش نەکرا**،پێویستە حکومەت قەرەبوویەکی عادیلانەیان بکاتەوە.)، دوو لایەنەیە: **یەکەمیان:** کێشەکە پەیوەندی بە هەزارەها (مقیم)ی ئەو دەڤەرانەوە هەیە کە لە سنووری نیو سەدە دوور خراونەتەوە لە شارو شارۆچکە وگوندی خۆیان. بەتایبەتی زۆر لە مانە کارمەند و کرێکارو خاوەن وەزیفەی ڕەسمی بوونە یان کەسوکارو منداڵیان گەورەو خاوەن ماڵ و خێزان وکارو وەزیفەن. **دووەهەمیان:** نەگەڕانەوە چ (خۆیان) یان (خێزانیان) بۆ سەر کاروبارو وەزیفە و جێگای خۆیان، مولزەم نییە بڕوانە بڕگە (٣) ڕستەی (**پێویستە حکومەت هانی ئەوە بدات...**) دارشتنی ئەم لایەنە (**بەپێی دەقێکی وا کراوە و مژاوییە**)، تەئسیرێکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر خودی ئەو خەڵکە لە ڕووی چۆنیەتی و شێوەی گەڕانەوەیان، هەروەها ڕێژەی کورد لەو دەڤەرانە بەتایبەتی ئەگەر

هاتوو لایەنی جێبەجێکەر (تەنفیزی) نیازی دانانی کۆسپ و تەگەرە بێت سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەوانەی مەبەست بە هەردوو لایەنەکەوە کوردەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و تەعریبچییەکان بۆ جێگای کۆنی خۆیان. یان چارەنووسی ئەو یەک دوو (**نەوەی**) کوردە دەربەدەرەکان و تەعریبچیەکان کە لەو دەڤەرانە لە دایکبوون چی لێ دێت؟ تۆ بڵێیت ئەمانە کە لەو ناوچانە لە دایک بوونە بە (هاوردە) لە قەڵەم دەدرێن، یان بە دانشیتوانی..هتد.

تێبینی سێیەم : لە بڕگەکانی ئەم ماددەدا ژمارەیەک دەستەواژەی جیاجیا بەکار هێنراوە، دوور نیە لە کاتی پیادە کردنی ببێتە مایەی دروست کردنی کۆسپ و لەمپەر. دەستەواژەکانیش لە رووی یاسایەوە دەکرێت بە چەند شێوە پێناسە بکرێت واتە هەر لایەنێک بەپێی سوود و پەرژەوەندی خۆی، لەو دەستەواژانە تێدەگات و تەفسیر و ئیجتهادی بۆ دەکات و، دەیخوێنێتەوە: (مقیم) (غریب) (غەوارە)، (هاوردە)، (نەفی کراو) (راگوێزان)، (کۆچ پێکراو)، (کۆچبەر)، (**ماوەیەکی ماقووڵ**)، (عادیلانە) (هانی ئەوە بدات لەو جێگایانە.. هتد).

کێشەی تەعریب زیاتر پەیوەندی بە (لای کەمەوە)بە دوولایەنە وە هەیە و **لە کێشەیەکی سیاسی کراوە بە کێشەیەکی یاسایی.** دەقی یاسایش ئیجرائاتی یاسایی لێ دەبێتەوە، واتە هەر یەک لەم زاراوانە **قابیلی پێناسە و تەفسیرات وئیجتهادی جیاجیایە و(مدعی) و (مدعی علیە)** لێ راست دەبێتەوە،چەند زاراوە زۆر بن وچەند دەق درێژو نادیاربن، ئەوەندە گرفت و کێشەی لێ دەبێتەوە. بۆیە یەک لە پرەنسیپە گرنگەکانی داڕشتنی هەر دەقێکی یاسایی:(**دیقەت وکورت روون**)یە. ئەگەر پرۆسەکە لە هەموو ئەو لەمپەرانە ساغکراوە، ئەوە:

هەنگاوی دووهەم:

دەستپێدەکات، ئەوەش قۆناغی جێبەجێکردنە و ئەرکی حکومەتی ئینتیقالی دەبێت، بە هەموو ئەو زاراوانە و (یان وئەگەر) نەوە، سەرەڕای تەدەخولاتی هێزەکانی ناوخۆ ودەرەکی و ئەوەی بە دیقەت وردبێتەوە لە ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەم دەستوورە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەم خاڵانەوە هەیە، هەر لەسەرەتاوە هەست **بە گومان دەکات، کەچی کێشەی کورد لە عێراق لە**

چواچێوەی گومان دەرچووە، بگرە خوێن و ماڵوێرانی و کارەساتی جینۆسایدی لێ بووەتەوە. ناوچەی ئارامی بۆ دیار کرابوو بەپێی بڕیاری نێودەوڵەتی، (١١) ساڵ لەناوچەکانی ئارام و ئازاد حوکمڕانی خۆی دەکات بە پێی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسی بە ڕەزامەندی خۆی وازی لەو هەموو دەسکەوت و ئازادییە هێناوەو بووەتە بەشێک لە پرۆسەی ڕزگاری عێراق لە ڕژێمی سەدام و داگیرکردن و ئیدارە کردنی ئەم عێراقە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و لایەنەکانی دیکەی عێراقی. سەرەڕای ئەوەش لایەنی عەرەبی باڵادەست کە ڕووبەڕووی کوردیان کردۆتەوە بە پێی دەقی ئەم یاسایە گومانی هەیە لە هەڵوێستی کورد. ئەگەر ئەو گومانەش نەبوایە ئەوە دەقەکان وداڕشتنەوەی ئەم یاسایە بەو شێوە نەدەبوو کە لە بەردەستدایە. ڕوونتر ئەگەر ئەو گومانەش نەبوایە کار نەدەگەیشتە باری ئێستا. دەبێتیش ئەوە لە بیر نەکەین، هەر بە پێی بەندەکانی ئەم (دەستوورە) تەرازووی هێز بەلای زۆرینە عەرەبی (برامان) دا دەشکێتەوە. چونکە کورد لەم بارەیەوە، چی مافێکی وەها (ڕەها) ی ڕوونی نییە بۆ زامن کردنی ئەو کێشانەی کە مایەی دووبەرەکی و خیلافە.واتە حەسمی کۆتایی لای زۆرینەی عەرەبی باڵا دەستە هەر وەکو لە خاڵەکانی دیکە باسی دەکەین.

هەنگاوی سێیەم:

هەتاکو ئەگەر هاتوو هەموو ئەو کێشانە کە بڕگە (أ) بە هەر(٤) خاڵەکەیەوە ئەنجام بدرێت وبە دڵی کوردیش بێت (کە لە زۆر ڕووەوە لە حوکمی مەحاڵە : چونکە ئەصلی پرۆسەکە خیلافی لەسەرە وردەکاری زۆری دەوێت و زۆر لە زاراوە و ڕستە یاساییەکانی پێناسە و بۆچوونی جیاجیا بەخۆوە دەگرێت...هتد)، **ئەوە حەسم کردنی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمان وبە تەحدید سنووری کوردستان دەکەوێتە حوکمی بڕگە (ب) مادە (٥٨):**

٥٨-ب:

(ڕژێمی پێشوو بە مەبەستی سیاسی سنوورە ئیدارییەکانی دەستکاری کردووەو گۆڕیونی، بۆیە پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی ئینتیقالی عێراق **ڕاسپاردە پێشکەش** ئەنجوومەنی نیشتیمانی بکات لە پێناو چارەسەر

کردنی ئەو گۆڕین و دەسکارییە ناعادیلانەیە، لە حاڵەتێکیشدا سەرۆکایەتی نەیتوانی **بە کۆی دەنگ** لەسەر **چەند راسپاردەیەک** رێکەوێت، ئەوا پێویستە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی **بە کۆی دەنگ ناوبژیوانێک دامەزرێنێ** بۆ دیراسەت کردنی کێشەکەو پێشکەش کردنی راسپاردە، خۆ ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانێک رێکەوێ، ئەوا پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی **داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان** بکات، کە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناسراو و بەرێز بۆ ئەو **دادوەرییە** دامەزرێنێ.)

(المادة ٥٨- ب- : - لقد تلاعب النظام السابق ايظا بالحدود الادارية وغيرها بغية تحقيق اهداف سياسية علي الرئاسة والحكومة العراقية الانتقالية تقديم **التوصيات الي الجمعيةالوطنية وذلك لمعالجة تلك التغييرات غير العادلة**. وفي حالة عدم تمكن الرئاسةالموافقة **بالاجماع** علي مجموعة من **التوصيات**، فعلي مجلس الرئاسة القيام **بتعيين محكم محايد** وبالاجماع لغرض دراسة الموضوع **وتقديم التوصيات**. وفي حالة عدم قدرة مجلس الرئاسة علي الموافقة علي محكم، فعلي مجلس الرئاسة **ان تطلب من الامين العام للامم المتحدة** تعيين شخصية دولية مرموقة للقيام بالتحكيم المطلوب.)

بە کورتی وبە کوردیەکی سادە : **کێشەی هەڵوەشانەوەی گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی ناوچە کوردستانیە پەیوەندارەکان و بنبڕ کردنی سیاسەتی تەعریب، بە یەک جاری لەم قۆناخە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری کۆتایی (کۆمەڵەی نیشتیمانی)، هەر ئەمەش خاڵ و هەنگاوی حاسیمە**. جا بابزانین یاریەکە لە کوێیە وپرۆسەکە کە هەنگاو بە هەنگاوبە یەکەوە گرێ دەدرێت دەگات بە کوێ...؟

ناوەرۆکی جێبەجێ کردنی ئەم برگەیە ئەوە دەگەیەنێت کە نەخشەی پارێزگاکان کە لەلای ئێمەی کورد مەبەستە: (کەرکووک، تکریت، دیالە،مووسڵ، سلێمانی، هەولێر، دهۆک) دەبێت دەست کاری بکرێت. بە واتەیەکی دیکە: گەڕانەوەی ناوچەی (دووز) کە ئێستا لەسەر (پارێزگای (تکریت)ە و، (کفری) کە ئێستا لەسەر پارێزگای (دیالە)یە و، (کەلار) و (چەمچەماڵ) کە لەسەر پارێزگای (سلێمانی)یە بۆ پارێزگای کەرکووک (خانەقین ومەندەلی..هتد کە لەسەر پارێزگای (دیالی)یە و، سنجار و تەلەعفەر زمار و شێخان ومەخموور..هتد،کە سەر بە پارێزگای

(مووسڵ)ن، بۆ باوشی هەرێمی کوردستان، **بە بڕیاری (کۆمەڵەی نیشتیمانی) دەبێت** و، بەم شێوەیە:

١- **(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)و حکومەتی عێراقی ئینتیقالی لە حاڵەتێکدا ئەگەر رایان یەک بێت وچ گرفت لە نێوانیاندا روو نەدات و موتەفق بن لەسەر گەڕانەوەی ناوچەکانی کوردستان کە دابڕاون لە هەرێمی کوردستان**، واتە (سنووری کوردستان) و، (با هەندێ پوزەتیڤانەش یاساکان بخوێنینەوە) و، بڵێین یەک لەو (٣) ئەندامەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) کوردە، کوردەکەش سوورە لەسەر ئەوەی: هەموو ناوچە دابڕاوەکانمان لەو (هەرێمەی کە یاساکە دیاری کردووە) دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دوو ئەندامەکەی دیکەی (سەرۆکایەتی) لەگەڵ ئەو بۆچوونە بن، هەروەها حکومەتی ئینتیقالی عێراقیش، ئەوە **(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)، بەکۆی دەنگ** (راسپاردەکانیان= توصیات) بەرز دەکاتەوە بۆ (کۆمەڵەی نیشتمانی) کۆمەڵەی نیشتمانی راسپاردەکان وەردەگرێت، **بەڵام مەرج نییە لەسەری بڕوات، چونکە (راسپاردەیە = توصیە)یە . راسپاردەش مولزەم نییە** بۆ (کۆمەڵە). واتە **(یاریەکە) دەکەوێتە نێو گوڕەپانی کۆمەڵە** . کۆی ئەندامانی (کۆمەڵەی نیشتمانی) **٢٧٥** کەسن . هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد لە باشترین حاڵەتدا رێژەی کورد ٢٥٪ یش بێت ئەوە ژمارەی گرووپی کوردی لە سنووری **٦٩** ئەندام دەبن لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا ئەم بڕگەیە، چی رێژەیەکی دەنگدانی بۆ دیاری نەکردووە وەکو مەرجێک بۆ ئەم حاڵەتە، ئەوە بڕیاری (کۆمەڵەی نیشتمانی) بە زۆرینەی (سادە = **بسیطە**) دەبێت (نیوەی ئامادەبوانی دانیشتنێکی یاسای کۆمەڵە + ١) بە تەحدید (حەدی ئەدنا)، (٦٩) دەنگ . لێردا دەبینین گرووپی کوردی لە(کۆمەڵە) چ کاریگەری وەهای نابێت لەسەر چارەنووسی بڕیارێکی وەها هەتاکو ئەگەر هاتوو هەر هەموویان موتەفقیش بن. (کۆی گشتی ئەندامانی کومەڵەی نیشتیمانی ٢٧٥- کۆی گشتی گرووپی کوردی ٦٩ = ٢٠٦) جیاوازی دەنگ . ئەگەر هەموو ئەندامانی (کۆمەڵە)ش ئامادەبن ئەوە بۆ بڕیارێکی وەها تەنها(١٣٨) دەنگی پێویستە..! کە راسپاردەکانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەگاتە کۆمەڵەی نیشتمانی (کۆمەڵەی نیشتمانی) بڕیار دەدات و بڕیاری کۆمەڵەیش یاسایە...!

لە واقعی قۆناغی ئەمڕۆی کوردستان و رێبازی رووداوەکان و هەڵوێستی جادەی عەرەبی عێراق و رەوتی گفتوگۆ، چ لە نێوان لایەنی کوردی و دەسەڵاتی لایەنی ئەمریکی (برێمەر) و تاقمەکەی، یان لە نێوان کورد و لایەنی غەیرە کورد لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتی، دەرئەنجامەکانی (خودی ئەم دەستوورە کاتی)یە و، ئەو تەنگەژەیە کە ئێستا عێراق بەگشتی تێیدا دەتلێتەوە و، هەڵوێستی زۆر لە لایەنی عەرەبی و جادەی عێراقی (عەرەبی) سەبارەت

به کورد، له تەک هەندێ فاکتەری دیکە، ئەوە دەگەیەنێت، **کە دوور نەبێت ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی ئاینده، لایەنگیری گۆڕینی قەوارەی پارێزگاکان نەبن هەرچی نەبێت بەو شێوەیە نەبێت کە کورد دەیەوێت.** بۆیە دەکرێت هەر لە ئێستاوە مەزەنەی ئەوە بکەین کە پرۆسەی دەنگدان بە خواستی کورد نابێت. یان واقعی تر: لە واقعی عێراقی رابردوو و رووداوەکانی ئەمڕۆ،گرەوێکە و، **ئەگەری گرەویش بۆ چارەنووسی کێشەی میللەتان دوورە لە حیکمەت** ..!

لە حاڵەتی وەهادا، واتە ئەگەر (کۆمەڵە) بڕیاری دا، بەپێی ماددە (٣٧) دەبێت (سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی بڕیار و یاساکانی (کۆمەڵە) کە ئیقرار دەکرێت (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) پێ رابگەیەنێت. (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) دەتوانێت لە ماوەی ١٥ رۆژدا، بە کۆی دەنگ هەر یاسا و بڕیارێکی کۆمەڵە رەتکاتەوە و بینێرێتەوە بۆ (کۆمەڵەی نیشتمانی). **ئەم جارەیان بڕیاری کۆمەڵەی نیشتمانی قاتیعانە و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی کۆی گشتی ئەندامانی دەبێت، واتە (١٨٣).**

لە حاڵەتی ئێمەدا کە جێگای باسە واتە ئەگەر بڕیاری (کۆمەڵە) بە دڵی لایەنی کوردی نەبێت و هەردوو ئەندامانی دیکەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)ش پشتگیری لە رای ئەوەی کورد بکەن(ئەگەر یەکێکیان کورد بێت)، ئەوە ئەو یاسایە یان ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ (کۆمەڵەی نیشتمانی)، (کۆمەڵە)ش لە ماوەی ٣٠ رۆژدا بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات. **ئەم جارەیان** بە دوو لەسەر سێی کۆی گشتی ئەندامانی دەبێت واتە (**١٨٣**)دەنگ. **روونتر ئەگەر هاتوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵە (٢٧٥) ئامادەبن، ئەوە چارەنووسی ئەو ناوچانە بە (١٣٨) دەنگ حەسم دەکرێت، زۆرینەی سادە یان بە (١٨٣)دەنگ لە قۆناغی رەتکردنەوە وەکو باسمان کرد.** لە باشترین حاڵەتدا ژمارەی ئەندامانی گرووپی کوردی ناگاتە (٦٩) ئەندام. لەم حاڵەتەدا دەبینین : هەم**(ڤیتۆ)ی** ئەو کوردەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) **مەعنەوی (شکلی)یە** و، **هەم رێژەی گرووپی کوردی لە (کۆمەڵەی نیشتمانی) لە پرۆسەی دەنگداندا، چی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر چارەنووسی کێشەیەکی چارەنووسسازی وەهادا.**

٢- **حاڵەتی پێک نەهاتنی ئەندامانی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) لەسەر (راسپاردەکان)**: ئەوە دەدرێت بەناوبژیوانێک، جا چ خۆماڵی بێت یان نێودەوڵەتی، بڕوانە بڕگە(ب)ی ماددە (٥٨)ی ئەم (دەستووورە کاتی)یە، دیسان جارێکی تر، پرۆسەکە بە هەمان شێوە مووعالەجە دەکرێت واتە لە (کۆمەڵەی نیشتمانی)، هەروەکو لە خاڵی (١)ی سەرەوە باسمان کرد.

سەرەڕای ئەو هەموو ئەگەر و کۆسپانەی کە چاوەڕوانی ناوچە بە عەرەبکراوەکان دەکەن و پرۆسەی **گۆڕینی سنووری ئیداری پارێزگاکان**، ئەم (دەستووورە) لە مادەیەکی دیکەی خۆیدا تەگەرەیەکی تری

خستوەتە سەر ڕێگای ئەم چارەسەرکردنە، ئەوەش بڕگە (ج) ی مادە (٥٨) (ئەم دەستووره کاتیە)یە:

(٥٨-ج-

تەسویەی یەکجارەکی ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەر هەیە بە کەرکووکیشەوە، دوادەخرێت بۆ پاش جێبەجێ کردنی ئیجرائاتەکانی سەرەوە، ئەنجامدانی ئامارێکی عادیلانەو شەفافی دانیشتووان، تا کاتی پەسەند کردنی دەستووری هەمیشەیی دەبێ ئەم تەسویەیە بە جۆرێک لەگەڵ پرەنسیپەکانی عەدالەت بگونجێ، تەواو بوو بێت و لەو پرۆسەیەشدا ئیرادەو ویستی دانیشتووانی ئەو زەوییانە لەبەر چاو بگیرێت.)

(مادة ٥٨-ج :

تؤجل التسوية النهائية للاراضي المتنازع عليها و من ضمنها كركوك، الى حين استكمال الاجراءات اعلاه و اجراء احصاء سكاني عادل وشفاف والى حين المصادقة على الدستور الدائم. يجب ان تتم هذه التسوية بشكل يتفق مع مبادىء العدالة، آخذا بنظر الاعتبار ارادة سكان تلك الاراضي.)

واتە هەر خیلافێک لەسەر هەر کێشەیەک لە کێشەکانی تەعریب وگۆڕانی قەوارەی نەتەوایەتیمان روو بدات، لە نێوان کوردستانییەکان و تەعریب چییەکان، لە نێوان کوردستانیەکان و ئیدارەی ئەو ناوچانە، یان مەرکەزی ئیتیحادی لە بەغدا، یان لە نێوان خودی کوردستانییەکان (کورد و تورکمان کلدو ئاشورییەکان ..هتد)، ئەوە پرۆسەکە **ڕادەگیردرێت تاکو کۆتایی قۆناغی ئینتیقالی و ئەنجامی ئامارێک و پەسەند کردنی دستووره هەمیشەییەکە**.. هتد.

لێرەدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئاینده، گرێ نەدراوە بە حەسم کردنی کێشەی بنبڕکردنی تەعریب و دیاری کردنی سنووری ئەو هەرێمە فیدراڵییە کە لەسەر ئەساسی (جوگرافی و مێژوویی) لە دایک دەبێت!. واتە کوردی ناوچە بە عەرەب کراوەکانمان بەشداری ناکەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ئاینده، هەروەها کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە بە عەرەب کراوەکانمان ئەچنە هەڵبژاردنی گشتی و(کۆمەڵەی نیشتمانی)و(ریفراندۆمی دەستووری هەمیشەی)و(هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی لەسەر بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی و دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی)، بۆ ئەو ناوچانەی کە خیلافیان لەسەرە. هەروەها چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کراوەیەو **چ «سقف» سەقفێکی زەمەنی محددی بۆ دیاری نەکراوە، پاش هەڵبژاردنی** کۆمەڵەی نیشتمانی و حکومەتی هەمیشەیی!.

دەکرێت پێشبینی ئەوەش بکرێت، کە دوور نابێت، بەپێی ئەزموونی کۆنی کورد ئەم لایەنی کوردی یان ئەوی تر، لە رەف و، لە ئیجماعی کوردی، دەرچێت ، یان هەڵوێست و بۆچوونی جودای هەبێت، چ لە(کۆمەڵەی نیشتمانی ئاینده) ، یان لە دەزگای کارگێڕی بە هەردوو باڵەکەیەوە، هەروەها لە ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان. پێش ئێستا شتی وا روویداوە ..! و لە پرۆسەیەکی دیموکراتی دەکرێت چاوەڕوانی ئەوەیش بکرێت.

هەروەها حیسابی ئەوەیش بکرێت، لایەنە سیاسییەکانی عێراقی غەیرە کورد بەتایبەتی عەرەبییەکان دەتوانن لە کوردستاندا رێکخستن و چالاکی حزبی خۆیان هەبێت. یان ئیمتیدادیان و ژمارەیەکی کەم یان زۆر خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە کوردەکانمان لەگەڵ ئەو حزب و لایەنە عێراقییانە راستەوخۆ، یان وەکو (ئیمتدادیان) کار بکەن و بەپێی بەرژەوەندی و بەرنامەی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن.

سەرباری ئەوە هەموو:

لایەکی گرنگی بنبڕ کردنی کێشەی تەعریب، کێشەی گۆڕینی نەخشەی (پارێزگاکان)ە. کە کار دەگاتە ئیرە: لەم(دەستوورە کاتیە) دوو سێ دەقی دژ بە یەکتر دەبینین لەوانە:

بە پیی برگە (ب) ی مادده (٥٣) سنووری ئیداری (پارێزگاکان) دەستکاری ناکرێت لە قۆناغی ئینتیقالی.

(المادة ٥٣- ب : تبقي حدود المحافظات الثمانية عشر بدون تبديل خلال المرحلة الآنتقالية).

کەچی برگە (ب)ی مادده(٥٨) دەسەڵات دەدات بە (کۆمەڵەی نیشتمانی) چارەسەری ئەو گۆڕین و دەستکارییە ناعادیلانانە بکات .

(المادة ٥٨- ب- : - لقد تلاعب النضام السابق ايضا بالحدود الادارية وغيرها بغية تحقيق اهداف سياسية على الرئاسة والحكومة العراقية الانتقالية تقديم التوصيات الى **الجمعية الوطنية وذلك لمعالجة تلك التغييرات غير العادلة**. وفي حالة عدم تمكن الرئاسةالموافقة بالاجماع علي مجموعة من التوصيات، فعلي مجلس الرئاسة القيام بتعيين محكم محايد وبالاجماع لغرخ دراسة الموضوع وتقديم التوصيات. وفي حالة عدم قدرة مجلس الرئاسةعلي الموافقة علي محكم، فعلي مجلس الرئاسة ان تطلب من الامين العام للامم المتحدة تعيين شخصية دولية مرموقة للقيام بالتحكيم المطلوب.)

بۆیە هەر لایەک دەتوانێت ، بەپێی بەرژەوەندی خۆی، پەنا بەرێت بۆ یەک لەو دەقانە ، هەر چی نەبێت بۆ دواخستن وتەگەرە خستنە سەر رێی چارەسەرکردنی کێشەی تەعریب و تەعریب چییەکان

و راگوێزان و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی ناوچە پەیوەندارەکان. تۆ بڵێیت شاندی کورد پێی نەکرا بێت چارەسەری ئەم دەقە دژ بە یەکترانەی بکردایەت لە کاتی دارشتنی ئەم یاسایە یان بە سەریدا تێپەڕبووە..؟، یان ئەمەش هەر **بۆ لە کۆڵ کردنەوەو ساغ کردنەوەی پاشە رۆژی ئەو دەڤەرانەیە!** هەرچی بێت هۆ و هۆکاری ئەم تێکەڵ وپێکەڵە دەرئەنجامەکانی لە قازانجی کورد نییە.

سێهەم:
چارەنووسی کەرکووک

نزیکەی نیو سەدەیە، کەرکووک سەنتەری کێشەی کوردە. مەڵبەندی سەرەتای هێرشە رەگەزپەرستەکانی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە. هێمایەکی کەم نموونەی سیاسەتی شوڤێنی و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیە. مەیدانی پیادەکردنی هەموو جۆرە نەخشە و پیلانێکی رەگەزپەرستی نەیارانی کورد و کوردستانە. کەرکووک مەڵبەندی فیداکاری و قوربانی و بەرخودان و مەردایەتی و کوردایەتیە لە دێر زەمانەوە. لەسەر جەستەی پیرۆزی تیکۆشەرانی ئەم دەڤەرە و سەروەت و سامانیان، دوژمنانی کورد و کوردستان، بەرنامەی نەمانی کوردیان دەستپێکردووە. کەرکووک سەرە رمی بەرەنگاری شەڕی مان و نەمانی کورد و کوردستانە و، بەرەی رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانە. چ ناوچەیەک بە قەد کەرکووک، لەم کوردستانە، بەپیت و بەرەکەتە، و خاوەن مێژوو سەروەت و سامانە. کام دەڤەر بە قەد کەرکووک مەیدانی شەڕ و پێکدادن بووە. کێ بە قەد کوڕانی گەرمیانی کەرکووک بە دەستی رووت و سەنگی والا پڵنگ ئاسا، رووبەڕووی نەیارانی کورد و کوردستان بوونەتەوە نەخشە و پلانیان پێ تێک داوەو، گرێ کوردایەتی و مەردایەتیان هەر وەکو گڕی بابەگوڕگوڕ قۆناغ بەتین و بە جۆشتر بووە، بگرە هەر بە هەمان گوڕوتینەوە چی قوشبنێکی ئەم کوردستانە نەماوە داستان و نەبەردی تێدا تۆمار نەکەن. هەر بۆیە کەرکووک قەڵخانی بەرخودانی کوردانە، لای عەرەبی بالا دەستی عێراق و لایەنی ئەمریکی و هاوپەیمانانی کەرکووک شارێکی کوردستانی نییە، بەڵکو شارێکی عێراقییە، بەلام لای پارتی دیموکراتی کوردستان دڵی کوردستانە و لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (قودس)ی کوردستانە. و بەبڕیاری پەرلەمانی کورستان پایتەختی کوردستانە. نازانم کێشەی کوردستانی عێراق لە کەرکووک رووت بکرێتەوە دەبێت چی تێدا بمێنێتەوە!!.

کەرکووک:

* وەکو خاک پانتاییەتیەکەی لەسنووری (٢٠٠٠٠) کیلۆ مەتری چوار گۆشەیە، واتە لە سنوری ٣٠٪ پانتایی کوردستانی عێراق پێک دێنێت، دوو جار بە قەد پانتایی (لبنان)ـە.
* لەسنووری زیاتر لە (٧٪)یەدەگی نەوەتی هەموو جیهان لە خاکی کەرکووک دایە.
* ئەگەر گوند و ناحیە و قەزا دابڕاوەکانی بگەڕێتەوە بۆ کەرکووکی دایک، دەبێتە گەورەترین شاری کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە (١,٤) یەک ملیون و چوار سەد هەزار کەس نزیک دەکاتەوە.
* ئەگەرچی شاری برایەتی و هێمای پێکەوە ژیانە، بەڵام هەر لە کۆنەوە شاری کوردانە، و بە پێچەوانەی هەوڵەکانی رەگەز پەرستان، هەمیشە زۆرینەی کوردی و کوردستانیەتی کەرکووک جێگای پرس و گومان نەبووە.
* لە رووی کوردایەتی و تیکۆشان و قوربانی و بەرخودان و فیداکاری لە پێناو کورد و کوردستان، و بە پێی مەوقعی ئیستراتیجی، کەرکووک پرد و پەرژینی کوردستانی عێراقە لەگەڵ عێراقی عەرەبی، لە رووی شێواندنی قەوارەی نەتەوایەتی و کارەسات و غەدری مێژووی کەرکووک هێمایەکی دەرئەنجامەکانی سیاسەتی رەگەزپەرستی و نموونەی ئەو سیاسەتەیەو، مەڵبەندی (١٨٢) هەزار کەسی ئەنفالکراوەکانمانە.
* بەپێی تێکەڵی نەتەوایەتی و ئایینی، نموونەی برایەتی و فرەیی و پێکەوە ژیانە.
* وەکو سەرچاوەی داهات و ئیمکانیاتی ئابووری، بەتایبەتی (نەوت وگاز)، وەکو کاڵەیێکی ئیستراتیجی، کەرکووک شادەماری ئابووری عێراقە و زەمینە و بنەمای کیانی کوردستان و بڕیاری سەربوخۆیی کوردە. هەر بۆیە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق کە زیاتر لە (٢٦) حزب و رێکخراوە کۆک بوون لەسەر ئەوەی (کەرکووک) پایتەختی کوردستان بێت، و پاشان پەرلەمانی کوردستان لە پایزی ساڵی ٢٠٠٢ ئەو رایەی تەبەنی کرد و لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا تەسبیت کرا بە تێکڕای دەنگ، وبەرنامە و بنەمایەک بوو بۆ هەموو جۆرە گفتوگۆیەک لەسەر مافی کورد لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، کێ بێت ئەولایەنە یان ئەو لایەنانە (ئەگەر دروست بێت: پەرلەمانی کوردستان تەنها دەزگایە بڕیاری چارەنووسسازی کوردستانی لایە..؟!).

هەر ئەمانەش وای کردووە کە کێشەی کەوکووک (سنگی مەحەک)ی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بێت لای کورد، هەروەها (سنگی مەحەک) بێت بۆ هەڵوێست و مسداقیەتی لایەنی غەیرە کورد، سەبارەت بە مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان و سنوورەکەی.

بەڵام:

پاش ئەو هەموو کارەسات و نسکۆ و خوێن و فرمێسکەو ئەو هەموو هەڵوێست و بڕیارو سووربوونە لە سەر کوردستانیەتی کەرکووک، لە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی دژ بە رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، کەچی لە هەلی رزگاری عێراق و نەمانی رژێمی رەگەز پەرست و تەعریبچی سەدام، کەرکووکی شیرینمان، بە بەشداری و حزووری بەرچاوی لایەنی کوردی لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتی عێراق، (دەستووری کاتی) عێراقی نوێمان کەرکووک لە هەرێمی کوردستان جیا دەکەنەوە.

(دەستووری کاتی) عێراقی نوێمان لە چەند مادده و بڕگەیدا، باسی تەعریب و شێوەی چارەسەرکردن و هەنگاوەکانی دیاری کردووە، لە خاڵی سەرەوە هەندێ بە تەفصیل باسمان کرد، هەرچەندە کەرکووکیش ماک و هێمای تەعریب و سیاسەتی گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمان بووە، لێرەدا و بەم چەند دێڕەی خوارەوە هەندێ زیاتر تیشک دەخەینە سەر کەرکووک و داهاتووی کەرکووک بەپێی مادده و بڕگەکانی ئەم یاسایە، چونکە سەرەڕای ئەو هەموو ئەگەر و کۆسپانەی کە چاوەڕوانی شاری کەرکووک دەکەن، حاڵی کەرکووک وەکو حاڵی ناوچە بە عەرەبکراوەکانی دیکەی کوردستان، ئەم (دەستووره) لە مادەیەکی دیکەی و تایبەتی خۆیدا کەرکووکی(**استثناء**) کردووە لەگەڕانەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

واتە ئەگەر هەموو ئەو هەنگاوانە کە لە سەرەوە باس کران لە مەڕ ئیجرائاتی نەهێشتنی تەعریب، بەدڵی کورد بێت و خەڵکی کەرکووکیش بڕیار بدەن بگەڕێنەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان... وەکو پارچەیەک لە خاک و نیشتمان، **ئەم(دەستووره) ئەم مافەی لە کورد و خەڵکی کەرکووک و خاکی کەرکووک زەوت کردووە، بڕوانە دەقی بڕگە(ج)ی مادده ٥٣ کەچۆن بە دیقەت و بێ پێچ و پەنا صیاغە کراوە:**

مادده ٥٣-ج. (هەر کۆمەڵە پارێزگایەک کە لە **سێ پارێزگا زیاتر نەبن** لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان **بەغداو کەرکووکی لێ دەرچێ، بۆیان هەیە لەبەینی خۆیاندا هەرێم پێکبهێنن**، حکومەتی عێراقیش بۆی هەیە پێشنیازی میکانیزمی پێکهێنانی ئەو هەرێمانە بکات بەو مەرجەی بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ هەر یاسایەکی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمێکی نوێ، پێویستە لە راپرسییەکدا رەزامەندی دانیشتوانی پارێزگا پەیوەندارەکانیش وەربگیرێ.)

ج- يحق لمجموعة من المحافظات خارج اقليم كردستان **لا تتجاوز الثلاث، فيما عدا بغداد و كركوك**، تشكيل اقليم فيما بينها، وللحكومة العراقية المؤقتة ان

تقترح اليات لتشكيل هذة الاقاليم ، على ان تطرح على الجمعية الوطنية المنتخبة للنظر فيها واقرارها. يجب الحصول بالاضافة الى موافقة الجمعية الوطنية على أي تشريح خاص بتشكيل اقليم جديد على موافقة اهالي المحافظات المعنية بواسطة استفتاء.)

لێرە بەش بەحاڵی خۆم چی ئیزافەیەکم نییە بیخەمە سەر ئەو دەقەی سەرەوە، چونکە دەقەکە خۆی باسی خۆی دەکات.

جێگای سەرنج و سەرسوورمانە، پاش دارشتنی ئەم یاسایە و بەوبەند و بڕگانەیە کە پەیوەندیان بە تەعریب و چارەنووسی ناوچە بە عەرەب کراوەکانی کوردستان و لە پێش هەموویان ئەو دابرانەی کەرکووک لە هەرێمی کوردستان هەیە بە دەقێکی یاسایی روون و بە رەزامەندی شاندی کورد لە بەغدا، بەپێچەوانەی هەڵوێست و داکۆکی کورد، سەبارەت بە چارەنووسی کەرکووک، هەندێ سیاسەتمەداری کورد لێرەو لەوێ، هەوڵی ئەوە دەدەن، ئەو سازشکاریە کە لە بەغداکرا بە رامبەر بە شاری کەرکووک بە تایبەتی و ناوچەکانی دیکەی وەکو کەرکووک بەگشتی، فەراموش کەن.

بۆ نیو سەدە دەچێت ماکی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و هێزی رۆحیی بزوێنەری بەرامبەر بە داگیرکەران کێشەی کەرکووک و تەعریبی کەرکووک و شارەکانی دیکەی بە عەرەب کراوی کوردستانە.

بۆ نیو سەدە دەچێت کوردی کوردستانی عێراق و لە پێش هەموویانەوە خەڵکی کەرکووک سەروماڵی خۆیان فیدا کردووە بۆ کوردستان و راپەڕین و شۆڕشەکانی.

ئەو نازو نیعمەتەی ئەمڕۆی ناوچە ئازادکراوەکانمان، لایەنێکی هەرە گەورەی، نرخی ئێش و ئازار و فرمێسک و خوێنی رۆڵەکانی کەرکووک و ناوچە بە عەربکراوەکانی دیکە و ئەنفال و هەڵەبجەیە... هتد!

مێژووی کۆن و نوێمان و ئەزموونی میللەتەکەمان و میللەتانی دیکەش لەم بارەیەوە پڕ لە پەند و عیبرەتە...

خاڵی هەرەگرنگی گرفتی جولانەوەی رزگاریبیخوازی کورد لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا، لەگەڵ رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، کێشەی کەرکووک و کوردستانییەتی کەرکووک و سەروەت و سامانی کەرکووک و ناوچە بە عەرەب کراوەکانە، کە پانتایی کەمتر نییە لە ٥٠ ٪ی پانتایی کوردستانی عێراق، جگە لە سەورەت و سامانی سرووشتی وەکو نەوت و گاز...هتد.

هەروەها مەوقیعی جوگرافی ئەو ناوچانە کە هەمیشە پەرژین و قەڵخانی باقی کوردستانی عێراق بووە.

واته ئەم (ئیستسنائەی کەرکووک) کە نەگەڕێتەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، دیارە خاڵی مەبەست بووە لای لایەنی ئەمریکی و لایەنەکانی غەیرە کوردی نێو ئەنجومەنی کاتی دەسەڵات.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت لێپرسراوانی کورد کە بەشداربوون لە داڕشتنی ئەم ئیستسنائە، وەکو پێویست تیشک ناخەنە سەر ئەم ماددەیەو، بگرە تاکو رادەیەک لە راگەیاندنی کوردستان هەوڵی پەراوێز کردنی دەدرێت. بە پێچەوانەوە بەش بەحاڵی خۆم وای بۆ دەچم: **هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و شاری کەرکووک بە تایبەتی لە مەترسیەکانی ئەم(ئیستسنائە) و دەرخستنی کەرکووک لە کوردستان بەچی پاساوێک بێت و دەرئەنجامەکانی هەڵوێست و بۆچوونێکی زیان بەخشە، و پێویستە ئەم غەدرە و ئەم هەڵەیە راستبکرێتەوە.**

لەو باوەڕدا نیم ئەم راستکردنەوە لە چوارچیوەی ژووره داخراوەکان و گلە و گازەندەی ژێرلێوان و سەرمێزان چارەسەربکرێت.

ئەگەر سەرەتا فشارو ترسی تورکیا رەچاوکرا، ئەوەی بە لایەنی ئەمریکی کراو دەکرێت لە کەرکووک، بۆ زیاتر لەساڵێکە دژی کوردستانیەتی کەرکووک بە تورکیا نەدەکرا و ناکرێت. گریمان تورکیاش حەماقەتێکی وەهای بکردایە، گومان نییە ئەنجامی لە بەرژەوەندی ئەودا نەدەبوو، چونکە نە ئەمریکا وەکو هێزێکی داگیرکەر(بە پێی یاسا و رێککەوتنامەکانی نێو دەوڵەتی و بڕیاری دوایی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی) قەبووڵی دەکرد لە سوپای تورک، ونە کوردیش ئەوەندە بێ دەسەڵات و بێ دەنگ دەبوو لەسەر کردەوەکانی ونەڕای گشتی عێراقی و جیهانیش فەرامۆشیان دەکرد...!

* کێشەکە هەر لە سەرەتاوە رووبەڕووی ئەمریکا بووەوە. واتە ئەمریکا هەم(خصم)ە و هەم(حکم).!
* ئەگەر حیساب کرابوو، بۆ فیتنە و دووبەرەکی وا رۆژ لە دوای رۆژ نەیارەکانی کوردستانیەتی کەرکووک و تەبایی و برایەتی لەو دەڤەرە لە پەرەسەندندایە...!
* تاکو ئێستا زۆربەی زۆری یاساکانی تەعریبی سەدام پیادە دەکرێت لە سەرکورد.
* تاکو زبانی کوردیش بەرەبەرەکانێ دەکرێت لە کەرکووک...!
* ئەوە ناچار گرووپی کوردی لە ئەنجومەنی شاری کەرکووک بڕیاری کشانەوەیان داوە.

ئەمانەو شتی تریش رۆژانە پیادە دەکرێن لە بەرچاو و بە ئاگاداری ئەمریکا و هاوپەیمانانی و، ئیدارەی کەرکووک لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەمریکایە، و بەرنامە و سیاسەتی ئەو هێزانە دیارە لەوەدایە کە بەم شێوەیە رەفتار بکرێت لەگەڵ کێشەی کەرکووک. بە ئیعتیزاری سەر زارەکی و قسەی بێ ناوەڕۆک و کات بە سەربردن، کێشەکان چارەسەر ناکرێت، و لە بەرژەوەندی کورددا نییە.

تۆ بڵێیت کاتی ئەوە نەهاتبێت کێشەی تەعریب بەگشتی و کەرکووک بە تایبەتی بکرێت بە کێشەیەکی جەماوەری، پاش ئەوەی دەرکەوت لەم مەیانەدا سیاسەتی (کوردە نامووسە)، لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات. بە جەماوەری کردنی کێشەکە بەو مانایە نییە شەڕی هێزەکانی هاوپەیمان بکرێت لە ڕێگای چەک و تەقەمەنی، بەڵکو بەشێوە و شێوازی ئاشتی خوازانەی بەرخودان و بەرهەڵستکاری، ئەمەش کارو ئامادەباشی چاکی دەوێت، و بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتی سیاسی پارتی و یەکێتیە، پاشان هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و گشت ڕێکخراو و بنکە جەماوەریەکان و زانا و پسپۆڕان و ڕۆشنبیرانی کوردستان.

چوارهەم
زبانی کوردی و عەرەبی

فەرمیەتی زبانی کوردی لە تەک زبانی عەرەبی و سنووری بەکار هێنانی زاراوەی(رەسمیەتی) زبانی کوردی، مادده ٩ ی یاساکە بەراشکاوی باسی کردووە:

(٩- زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دووزمانە رەسمییەکەی عێراقن، مافی عێراقییەکانیش لە دامەزراوە فێرکارییە حکومییەکاندا لەسەر بناغەی ڕێوشوێنی پەروەردەیی دابین کراوە، کە بە زمانی زگماکی خۆیان وەک تورکمان یان سریانی یان ئەرمەنی بخوێنن، لە دامەزراوە فێرکارییە تایبەتەکانیشدا ئازادن کە بە هەر زمانێ بخوێنن.
سنووری دەستەواژەی(زمانی رەسمی) و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم مادەیە بە یاسا دیاری دەکرێ کە **ئەمانەی خوارەوە دەگریتەوە**...هتد)

(٩- الغة العربية و اللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق. ويضمن حق العراقيين بتعليم ابنائهم بلغة الام كالتركمانية او السريانية او الارمنية في المؤسسات التعليمية الخاصة. وفق الضوابط التربوية أو بأية لغة اخري في لمؤسسات التعليمية الخاصة. يحدد نطاق المصطلح(لغةرسمية) وكيفية تطبيق احكام هذة المادة بقانون **والذي يشمل**... الخ).

فەرمیەتی زبانی کوردی لە تەک زبانی عەربی بەپێی دەق و بڕگەکانی مادده ٩ (رەها) نییە. بەڵکو بە چەند دەق وزاراوەیەک تەحدید کراوە وەکو:
١- سنووری دەستەواژەی(زبانی رەسمی) و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم ماددەیە بە یاسا دیاری دەکرێت هتد) واتە(فەرمی) زبانی کوردی گرێدراوە بە یاسایەک کە لە ئایندە

دەبێت دەرچێت. هەر وەکو لە بوارەکانی دیکەی ئەم باسە ئاماژەمان بۆ کردووە، لە کۆمەڵەی نیشتمانی، کورد کەمینەیە (لە سنووری ٢٥٪) لە باشتر حاڵەتدا واتە چارەنووسی (رەسمی) زبانی کوردی لەتەک زبانی عەرەبی لە رووی (کەی= متی) ولەرووی (چۆن- کیف) زۆرینەی عەرەبی باڵادەست و نوێنەرەرانی غەیرە کورد لەو (کۆمەڵە) یە بڕیاری لەسەر دەدەن...!

٢- لە رووی هونەری و داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە (بە زبانی عەرەبی) کەدەقی (معتمد) ە، هەندێ دەستەواژە تەسبیت کراوە بەرادەیەکی وەها کە بەکارهێنانی زبانی کوردی لە تەک زبانی عەرەبی سنووردار کردووە (حصر)، وەکو: (یحدد نطاق المصطلح.لغەرسمیە) وکیفیە تطبیق احکام هذه المادە بقانون والذی یشمل...الخ)

٣- بەکارهێنانی (نکرە) و (معرفە) و (حەرفی.جر) پێش چەند وشەو دەستەواژەیەک، کێشەیەکی زبانەوانیە و دەکرێت تەفسیر بکرێت بە شێوەیەکی وەها کە لە خزمەتی (یەکسانی) هەردوو زبانەکە نەبێت لە عێراق. برایانی پسپۆڕ لە زبانی عەرەبی دەتوانن لەم باریەوە زیاتر ئەم لایەنە روونکەنەوە...، و هەروەها خودی زاراوەی (یەکسانی= المساوە) کە لە بڕگە «٥»دا هاتووە بۆ نموونە. (نسبی) یەو لە کەسێک بۆ کەسێک و لە تاقمێک بۆ تاقمێکی دیکە جیاوازی هەیە. دوور نییە لەکاتی داڕشتنی ئەو یاسایە کە بڕیارە لە ئایندە کۆمەڵەی نیشتمانی پەسندی کات، ئەمانە هەر هەمووی ببێتە گرفت و خۆ دزینەوە و بگرە پاشگەزبوون یان پوچ کردن و بەتاڵکردنی ئەم مافە لە ناوەڕۆکەکەی. ئەزموونمان لەگەڵ رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و هێزەکانی عەربی برای باڵا دەستمان پڕ لە پەندو عیبرەتە... ئەمەی کە باسمان کرد دوورنییە هەندێ لەو کۆسپ و لەمپەرانە بن کە لەم ماددەیەدا هاتووە وجێگای گومانە...!

کەم تەرخەمی کاربەدەستانی ئیدارەی مەدنی ئەمریکا لە بەغدا بۆ پیادەکردنی ئەم ماددەیە تاکو ئێستا گرفتێکە، و هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی دژ بە (فەرمی کردنی زبانی کوردی کە لە نامەکەی ١/٦/٢٠٠٤) بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئاماژەی بۆ کراوە، لایەکی دیکەی گرنگی ئەم کۆسپەیە...!

نابێت ئەوەیش لە بیرکەین کە دەق و ناوەڕۆکی ماددە و بڕگەکانی ئەم دەستوورە کاتییە، بنەمای داڕشتنەوەی دەستووری هەمیشەیی ئایندەی عێراقە، ئەگەر لەکاتی داڕشتنی دەستووری کاتی بژارکردن و راست کردنەوە و نەهێشتنی گومان و لەمپەر، هەندێ ئاسان بوو، ئەوە بۆ قۆناغی دانووستاندنی دەستووری هەمیشەیی، بە پێی ئەم دەقانە کە باسمان کرد، کارەکان زەحمەت و دژوار تر دەکات، چونکە هەر راوەستان و پێ داگرتنێک لە لایەن کوردەوە دوور نییە ناحەزانی لە

نێو لایەنە عەرەبییەکان و غەیرە عەرەبییەکانیش بە پاشگەز بوون لە قەڵەم بدرێت، یان گرفت و کۆسپی دیکە بێنێتە پێشەوە، جگە لە فشار و رۆڵی داگیرکەری ئەمریکی...هتد.

پێنجەم
دەسەڵاتی ناوەندی ئیتیحادی و هەرێمی کوردستان

کورد لە دەسەڵاتی یاسادانان وەکو لەم(دەستوورە کاتییە) تەسبیت کراوە، لە هیچ پرۆسەیەکی دەنگدان بە پێی زۆرینەو کەمینە، کاریگەری حاسیمانەی نییە ئەگەر هات و زۆرینەی غەیرە کورد لە(کۆمەڵەی نیشتمانی) ئایندە، رای بە پێچەوانەی راوهەڵوێستی گرووپی کوردی بێت. هەر وەکو لە خاڵەکانی دیکەدا باسمان کرد، هەروەها لە (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)ش ئەگەر هات و یەک لەسێ کەسەکەش کوردێک بێت، بێ گومان لە ئەنجومەنی وەزیرانیش کورد هەر کەمینە دەبێت. بۆیە لەم ٣ دەزگایە وجودی کورد زیاتر بەشداری و موساهەمە کردنە لە دروست کردنی ئەو بڕیارانە کە زۆرینەی غەیرە کورد مەبەستیەتی، یان بە دڵی ئەوان بێت.
هەروەها لە پێک هێنانی(دادگای باڵای فیدراڵی) کە رۆڵیکی کاریگەری هەیە لە پاراستنی مافەکانی دەستووری کورد و چاودێری کردنی یاساو بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی ناوەند، هیچ جۆرە ئاماژەیەک نییە بە ژمارە و رێژەی کورد چی لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و چی ئەندامانی.
بڕوانە مادده ٤٤ ئەم دادگایە لە ئایندە بە یاسایەک دادەمەزرێت کە (کۆمەڵەی نیشتمانی) دەریدەکات...!

نەدەبوو شاندی کورد، لە کێشەیەکی چارەنووسسازی وەهادا سازش بکات، و کورد رووت کاتەوە بەو شێوەیە لە مافی خۆی وەکو گەلێک. هەر بۆیە ئەهمیەتی نوێنەرایەتی کورد لەو ٤ دەزگایە بە دیقەت و راشکاوی و دوو(ئەنجومەنی یاسا دانانی ئیتیحادی) لەرووی مصداقیەتی(نیزامی فیدراڵیەت) ویان مسۆگەر کردنی هەر زەمانەتێکی دیکە، ئا لێرەدا بە روونی دەردەکەوێت، ئەمەیش گرفتێکی گەورەو خەتەرناکە، ئەگەر هاتو لە دەستووری هەمیشەیی فەرامۆش بکرێت...!
زۆر کەس بڕگە(ج) ی مادده ٦١ یان بە(ضمان) داناوە. دەقی ماددەکە دەڵێت:
(المادة٦١ - الفقرة ج" یکون الاستفتاء العالم ناجحا، **ومسودة الدستور** مصادقا علیها، **عند موافقة أكثرية الناخبين في العراق**، واذا لا یرفضها **ثلثي الناخبين** في **ثلاث محافظات او أكثر**.)
(مادده ٦١-ج: (راپرسیەکە بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێ و **رەشنوسی دەستوورەکە** بە پەسەندکراو دادەنرێت ئەگەر زۆربەی دەنگدەرانی عێراق رازی بوون لە سەری و ئەگەر **دوولە سەرسێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یازیاتر رەفزیان نەکرد**).

ئەمەی کە بە گەرەنتی و(**ضمان**) لە قەڵەم دەدرێت:

١- ئەگەر پێویست بوو **یەک** جار بەکاردێت. **ئەویش بۆ پەسندکردنی رەشنووسەکەی دەستووری هەمیشەیی کە راپرسینی لە سەر دەکرێت لەسەرتاسەری عێراق.**

٢- ئەم گەرەنتیە(**ضمان**) پەیوەندی نییە بە **یاسا و بڕیارەکانی ناوەندی ئیتحیادیەوە** هەروەکو بە هەڵە باسی لێوە دەکرێت بەڵکو بە پەسند کردنی رەشنووسەکەی دەستووری هەمیشەیە تەواو دەبێت و بۆ یەک جاریشە.

٣-ئەم گەرەنتیە(ضمان)ـە، **کە تەنها بۆ رەشنووسەکەی دەستووری هەمیشەییە**، تیغی دوو دەمە.
هەرچۆن ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە کاری بێنێت، ١٥ پارێزگای عێراقی دیکەش هەمان مافیان هەیە. هەر ٣ پارێزگا لەو ١٥ پارێزگایە بۆی هەیە هەمان هەڵوێست وەربگرێت. واتە کورد یەک ئیحتیمال و زۆرینەی عەرەبی عێراق ٥ئیحتیمال.

٤-پاشان: کێ دەڵێت لایەنی کوردی پەیوەندار، دەتوانێت لەو ٣ پارێزگایە، دوو لە سەرسێی دەنگەکان مسۆگەر کەن لە کاتی پێویستدا...!

٥- مەرجی وەها هەر وەکو زۆر لە یاساناسەکان باسی دەکەن، دوورە لە پرەنسیپی دیموکراسی و نەدەبوو کورد بکەوێتە ژێر باری وەهادا، چونکە دەکرا(گەرەنتی=ضمان)ی کورد یان ڤیتۆی کورد بە شێوەیەکی دیکە تەسبیت بکرایە کە تایبەت بێت بە خودی کوردەوە. هەر بۆیە ئەم بڕگەیە لەگەڵ لاوازی بنەماکەی و ئەگەری(یەک) بە(پێنج)، زۆر لە سەرکورد کەوت و، گوایە لە سەرەتا مەبەست لە دانانی ئەم بڕگەیە کورد نەبوو بەڵکو بۆ زۆرینەی عەرەبی شیعە بووە، بەڵام کورد خۆی کرد بە خاوەنی ئەم بڕگەیە و نیگەرانی و هەڵوێستێکی نیگەتیڤانە دروست بوو بەرامبەر کێشەکەی لە عێراق لەلایەن توێژێکی فراوان و زۆری عەرەبەوەو، کرا بە مەهانە بۆ هێرش کردنە سەر کورد و دۆزەکەی...! دوور نییە لە دارشتنی دەستوری هەمیشەیی ئەم بەندە ببێت بە خاڵێکی خیلاف.

دەسەڵاتی ناوەندی ئیتحادی یەکجار زۆرە، و لە (مادده ٢٥)ی ئەم (دەستوورە)دا تەسبیت کراوە. لە ڕووی عەمەلیەوە هیچی وەها بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهێڵاوەتەوە.
تەنها دەسەڵاتی دانانی (رەسم و باج) و (کۆنترۆڵ کردنی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ) نەبێت، هەرچەندە لەواقیعدا ئەو دوو (دەسەڵاتەش) سنووردار کراوە بەپێی بڕگە (ب)و بڕگە (ج)ی مادده (٢٥) بەتایبەتی.

(المادة ٢٥-ب: **وضع وتنفيذ سياسة الامن الوطني**. بما في ذلك انشاء قوات مسلحة و ادامتها لتامين و حماية وضمان امن حدود البلاد و الدفاع عن العراق).

(مـادده ٢٥-ب: **دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی**، هەروەها دامـەزراندنی هێزی چەکدارو... هتد).

(المـادة ٢٥-ج:**رسم السياسة المالية**، و اصدار العـملة، **وتنظيم الكمـارك**، وتنظيم السياسة التجارية عبر حدود الاقاليم و المحافظات في العراق، و **وضع الميزانية العامة للدولة** ورسم السياسة النقدية و انشاء بنك و اداراته).

(مادده ٢٥-ج: **دارشتنی سیاسەتی دارایی**، دەرکردنی دراو، هەروەها **ڕێکخستنی گومرگەکان**... هتد).

واتە **هەردوو دەسەڵاتەکە ڕەها نییە**، دەسەڵاتی **پەرلەمانی کوردستانیش** چ لە مەیانی یاسادانان و چ ڕەتکردنەوەی یاساو بڕیارەکانی ناوەندی ئیتیحادی، سنووردار کراوە، تاکو ڕاددەیەک دەکرێت بگۆترێت (قفل)کراوە، چونکە بڕگەکانی مادده (٢٥) هیچی وەهای بۆ پەرلەمانی کوردستانیش نەهێشتۆتەوە، ئەگەر پاساو نەدرێتەوە کە هەر هەموو ئەو دانپێنان و (مافانەش) کاتییە، واتە بۆ قۆناغی (ئینتیقالییە)!، و هەڵهاتنە لەواقیع، ئەمە دیکۆمێنتێکە، کورد خۆی بەشداربووە لەدارشتن و پەسەندو ئیمزاو پیادەکردنی. لەگەڵ ئەوەش:

* ئەگەر ئەو دەقانە کە پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە، بەتایبەتی یان ئەوانەی دیکە کە ناڕاستەوخۆ عیلاقەمەندن بەکێشەی کورد لەکوردستانی عێراق، هەروا بمێنێتەوە لەدەستوری هەمیشەیی عێراق، ئەوە دەقێکی یان مافێکی ڕواڵەتیی بێ گیان دەبێت، و کەم کردنەوەیە لەدەسەڵاتی هەرێمی فیدراڵ: چ ئەوەی کورد خۆی داوای کردووەو چ وەکو بنەمای سیستمی فیدراڵییەت.
* هەرچەندە (کاتیی)ش بێت، ئەم یاسایە لەکۆتایی حوزەیرانی داهاتوو پیادە دەکرێت، کە پیادەش کرا، حقوق و ئیتلیزاماتی لێ دەکەوێتەوە، و دەبێتە سابیقەیەکی یاسایی.
* چی بێت و چەند بخایەنێت ئێمە بەچاوی ڕەخنەوە تەماشای ئەم یاسایە دەکەین با بۆ یەک ڕۆژیش بێت، و لە پاشەڕۆژ دەبێتە(دیکۆمێنتێک)، کە گشت لایەنە پەیوەندارەکانی عێراق کە بەشدارن لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتی بە کوردەوە موتەفیق بوونە لەسەری، و ئەمریکا وەک هێزی داگیرکەر پەسەندی کردووە.

شەشەم

سەروەت و سامانی کوردستان

ئەم (دەستوورە کاتییە) هەر وەکو لە خاڵی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هیچ دەسەڵاتێکی وەهای نەهێڵاوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە خاوەنداری سەروەت و سامانی کوردستان روون و دروست تر بۆ خەڵکی کوردستان:

١- بەپێی بڕگە (هـ)ی ماددەی (٢٥)، هەرچی سەروەت و سامانی سروشتی هەیە لەعێراق موڵکی گەلی عێراقە.

٢- بڕگە (ج)ی هەمان مادده مافی نەخشەکێشانی **سیاسەتی ماڵی** عێراقی داوە بە حکومەتی ئیتیحادی ئینتیقالی، واتە سیاسەتی (واریدات و نەفەقاتی گشتی دەوڵەت).

ئەوەی لەپێناسەی (**المالیه العامه**) بەباشی وردبێتەوە، دەگات بەو راستیەی کە:

هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و شارەوانییەکانی چی وەهایان بەدەستەوە نییەو ناتوانن لەو نەخشەو بڕیارانە لادەن کە دەکەوێتە نێو (سیاسەتی مالی) ناوەندی ئیتیحادییەوە. ئەوەی گرنگ بێت بۆ ئێمەی کورد وەکو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، و خەڵکی کوردستان (کانزا سروشتییەکان وەکو نەوت و گاز... هتد)، هەروەها (رسومات و باج) کە دوو ستوونی بنەڕەتی وارداتی عێراقە. یەکەمیان **موڵکایەتی (گەلی) عێراقە**، و راستەوخۆ گرێدراوە بە ناوەندی ئیتیحادییەوە، و دووەمیان **پیشەکی** بەستراوەتەوە بە سیاسەتی گشتی **مالی عێراق** و هەم بە **نەخشەی گشتی** رسوم و باجی ناوەندی، واتە لە واقیعی عەمەلیدا هەردوو گرێدراون بەناوەندی ئیتیحادەوەو دەکەوێتە چوارچێوەی (**المالیه العامه**)و بە نەخشەو شێوەی پیادەکردن و دابەشکردنیان، بۆ سەلماندنی ئەوەی سەرەوە:

١- بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی ئینتیقالی ناوەندی ئیتیحادییەوە دیارو تەمویل دەکرێت، هەر وەکو بڕگە (أ)ی مادده ٢٥ی ئەم دەستورە دیاری کردووە.

٢- ئەو دەسەڵاتانەی کە لەماددەی (٥٦)ی یاساکەدا هاتووە، لەتەمویل کردنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان.

جێگای سەرنجە شاندی کورد پێی دانەگرتووە (ئەگەر هەوڵیشی دابێت سەرنەکەوتووە)، لە دابەش کردنی وارداتی کوردستان لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند، چ وەکو بەش و چ وەکو رێژە، بە تایبەتی (نەوت وگاز...هتد) هەر وەکو لە زۆر لە دەڤەرەکانی فیدراڵی وڵاتانی دیکە پیادە کراوە، هەر بۆ نموونە و هاوزەمان لەگەڵ دارشتنی دەقەکانی ئەم دەستورە، سەرکردایەتی سیاسی

خوارووی سودان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سودان مشتومڕیان نەبوو لە سەر دابەش کردنی واریداتی نەوتی خوارووی سودان لەنێوان ئیدارەی خواروو و دەسەڵاتی ناوەند، چونکە ئەمە حەسم کرابوو، بەڵکو سوور بوون و پێ داگرتنی نوێنەرانی خوارووی سودان لەسەر بەش و ڕێژەکەی بوو کە لە سەرەوەی(٥٠ ٪)یان مەتڵەب بوو...!

جا ئیتر ئەوە چی فیدرالیەتێکە کە:

* بەو شێوەیە سەرو گوێی هەرێمەکەی کرابێت (کە کەم ترە لە ٣ پارێزگا).

* بەو هەموو ئەگەر و لەمپەرانەی سەر ڕێگای تەعریب و گۆڕینی قەوارەی ناوچە بە عەربکراوەکانی.

* کەرکووک بە دەربێت لە هەرێمی کوردستان.

* یان بەو بێ دەسەڵاتیەی سەبارەت بە واریدات و سامانە سروشتیەکانی، جگە لە (پرسە خەسوانەیەک)، سەبارەت بە بودجەکەی، کە بە مەرکەزیەت بۆی دادەنرێت و تەئمین دەکرێت.

* یا چ ڕۆڵێکی کاریگەری وەهای نەبێت لە چارەنووسی یاساو بڕیاری دەسەڵاتەکانی یاسادانان و کارگێڕی ئیتیحادی و دادگای ئیتیحادی باڵا.

لە واقیعێکی وەها ئاڵۆز و پڕ لە گرفت و تەوژمی بیروبۆچونی ڕەگەز پەرەستی و دژایەتی ناوخۆ و ئیقلیمی، و مامەڵە کردنی زیاتر لە یەک ساڵی لایەنی ئەمریکی و هاوپەیمانانی، ئەوەیە کە تەسبیت کراوە لەم یاسایە، ئەمەیش وەکو هەیە مشتومڕی زۆری لەسەرەو سەرەڕای ئەمانە هەمووی چ گەرەنتی وەهایش تەئمین نەکراوە، مەبەستیش گوایە دیموکراتیەتە...!

ئەگەر(ضمان) دیموکراتیەت بێت، کێ دەڵێت دیموکراتیەت هەمیشە (گەرەنتی- ضمان)ە بۆ سەلماندنی ماف و دەسەڵاتی گەلانی دیکە، بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێمەی کورد و کلتووری وڵاتەکەمان و مامەڵەی داگیرکەرانی و ئەزموونی رابردوومان...! لەگەڵ ئەوەش:

بەریتانیا گەورەترین و کۆنترین و وڵاتی دیموکراتی بوو لە دونیا، کەچی بە دەیان ساڵ وڵاتانی دیکەی داگیرکردبوو، و سەروەت و سامانیان زەوت کردبوو. چیان بەسەر (ئێرلەندییەکان) هێنا... دواتریش(فۆڵکلاند)، هەر بۆ نموونە. مەگەر پاش ساڵی ١٩١٤ بە ناوی رزگاری عێراق و شارستانیەت و دیموکراسی ناوچەکەی داگیر نەکرد؟ وەعدی دەوڵەتی بە کوردیش نەدا؟ هاوکاری هێزەکانی نەبوین...؟! کەچی کوردستانیان پارچە پارچە کرد.

(سیڤەر)ی گۆڕیەوە بە(لۆزان)، کە داکۆکیمان لە مافی خۆمان کرد بە فڕۆکە و تۆپ و لەشکرکێشی وەڵامی داینەوە تاکو ئێستایش نرخەکەی دەدەین...! ئێستاش هەر بەریتانیا هاوپەیمانی ئەمریکایەو کوردیش هینی هەردوولا...!

دیموکراتیەتی فەرەنسا نەبووە مانیعی زیاتر لە سەد ساڵی داگیرکردنی الجزائر و نرخی رزگارییان یەک ملیۆن شەهید بوو. و تاکو ئێستایش ئاسەواری ئەو داگیرکردنە لەجەستەی میللەت ونیشتمانی (الجزائر) کاریگەری خۆی هەیە، نرخەکەشی دەدەن...!

ئەمریکا (وەکو پێناسە دەکرێت): مەڵبەندی دیموکراتی و رۆشنبیری و پێشکەوتنە، کەچی زیاتر لە دووسەد ساڵە جیاوازی رەگەزی و کۆیلەیەتی تێدا زەق و روون بوو، بگرە تاکو ئێستاش کێشەی یەکسانی گرفتی زۆری ماوە...!

چی نەهێنا بە سەر ڤێتنامییەکان و هیندی چینی...! هەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی نەبوون(سەدام حوسەینیان) هێنا و کردیانە مێردەزمە بە سەر عێراقیەکان و ناوچەکە و هاوکارو پشتیوانی بوون...!

ئیسپانیا وڵاتێکی دیموکراتییە، بڕوانە چییان بەسەر باسکەکان و کەتەلۆنییەکان هێنا، و تاکو ئێستاش زۆریان ماوە بگەن بەمافی خۆیان...!

مەگەر دیموکراتیەتی **ئەڵمانیا و ئیتالیا** نەبوو، هیتلەر و نازیەکان و مۆسۆلینی و فاشییەکانی هێنایەسەر حوکمی هەردوو وڵات و کارەساتی شەڕی کەونی دووهەم ئەنجامی بوو...؟

هیند زۆرجار بە نموونەی وڵاتێکی دیموکراتی باس دەکرێت، لەگەڵ ئەوەش دژی هەست و خواستی کشمیریەکانە... هتد.

دیموکراتیەت ئەو کات بەڕێوە دەچێت و (ضمان)ـە بۆ نموونە لە حاڵەتی ئێمەدا:

١. ئەگەر مافەکان و ئەرکەکان بە بەند و دەقی دەستووری روون و حاسیم زامن کراوبن.

٢. ئەگەر دابەش کردنی دەسەڵات و یەکسانی چ لە نێوان دەزگاکان ئیتحادی و چ لە نێوان ناوەندی ئیتیحادی و هەرێمەکان ناوەڕۆک سنووری دیار بێت.

٣. لایەنەکان و کۆمەڵگاکەش، لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری... هتد، ئەوەندە پێگەیشتبوون کە بتوانن ئەو بنەمانە لەیەک قەبوڵ کەن. هەر هەمان شت سەبارەت بە مافی هاوولاتی، و مافی گەلان و بنەماکانی مافی مرۆڤ... هتد.

کورد بۆ مافی خۆی، جگە لە زەمانی دەستووری(کە بەداخەوە لەم دەستوورە کاتیە بەدی ناکرێت وەکو پێویست)، دەبێت بە قورسایی خۆی و کێشەکەی و قوربانیەکانی، سووربێت لە سەر زەماناتی نێو دەوڵەتیش، جاچ ئەو زەمانەتە خودی هاوپەیمانی ئەمریکی بێ(وەکو هیزی داگیر کەری عێراق)، یان هاوکارمان بن(بە دەقێکی فەرمی)، بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی وەها لە نێوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی... یان هەر چ نەبێت پشتیوانمان بن لەوەی کە کورد خۆی لە کوردستانی عێراقدا بڕیار بدات لەسەر چارەنووسی خۆی، لە رێگای ریفراندۆمێک، و ئەنجامیشی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق تەسبیت بکرێت...!

ئەمە نە خەونە نە خەیاڵ و نە توند وزیاد رەویە و نە مەحاڵ، بەڵکو لای کەمەوە ئەزموونی پوختەی نزیکەی یەک سەدەی ململانێ و دەستبڕین و یاری کردنی زل هێزەکان (بە ئەمریکاو وڵاتانی ئیقیلمی و بەگشتی و حکومەتە یەک لە دواییەکەکانی عێراقیشەوە)، بە کێشەو مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە.

وا دەبینین چۆن (ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوروپا) راستەوخۆ سەرقاڵی چارەسەرکردنی مافی خەڵکی خوارووی سودانن لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا. یان پشتگیری، و هاوکاری خەڵکی بیابانی رۆژئاوان (الصحراء الغربیە)، بۆ ئەوەی خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، چ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان پێکەوە ژیان لەگەڵ وڵاتی مەغریب... خۆ دانیشتوانی ئەم بیابانە بەرەگەز عەرەبن و بە ئایین ئیسلام، و الجزائیر و مەغریبیش هەم عەرەبن و هەم ئیسلام، هەردوو میللەتیش (خوارووی سودان و بیابانی رۆژئاوا) نە بە قەد کورد رۆژئاوا و ئەمریکا وڵاتانی دراوسی غەدریان لیکردووە و نە بە قوربانی و کارەساتەکانیان دەگەنە ئاستی ئەوانەی کورد و نە لە رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداری و ئیمکانیاتی ئابووری لەگەڵ کورد بەراورد دەکرێن...هتد.

زۆر لایەن کوردی بە کارهێناوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و پاشان دەستی بڕیوە و ئەنجامی تەنها ماڵوێرانی و قڕکردن وکیماباران و ئەنفال و راگوێزان و تەعریب و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێواندنی قەوارەی نەتەوایەتی و دووبەرەکی نێو خۆ بووە.

بەشداری کورد لە دامودەزگاکانی ناوەندی عێراق، بێ پشتیوانی و زامن کردنی ئەو مافانەو پاراستنی بە شێوەیەکی وەها چیتر پێشێل و پشت گوێ نەخرێت یان لە گەمەیەکی دیموکراتی مافەکانی کورد وەکو کەمینەیەک لە بڕیاری زۆرینە نەپارێزرێت، ئەوە (وەکو دولێن کردنی ماسیە لە دەریا و تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز دەبێت). بۆیە ئێستا ئەو قۆناغ و ئەو هەلە مێژوویە و ئەو کاتەیە، کە نابێت کورد بەهیچ شێوەیەک سازش کات لە سەر (گەرەنتی= ضمان)ی دەستووری و نێو دەوڵەتی...

ئەزموونی دەقی(٥) دەستووری پێشوو و بەشداری کورد لە چوار- پێنج قوناغی حوکمڕانی و چەندین کابینەی عێراق ئەوەی سەلماندووە، بەشداری بێ(زەمان) لە واقعی ئێمەی کورد لە عێراق موغامەرەیەکی بێ حیسابە یان وەکو کورد ئەڵێت(کوێخایەتی بن سێبەر)ـە...!

لەم دەستوورە(کاتیەی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی)، جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە، بە داخەوە هیچ جۆرە(گەرەنتی- زەمان)ێکی تیدا نییە بۆ کورد بە فیعلی وڕوون، ئەوەش هەیە روومەتی و شکلیە و بە پێچەوانەی ئەو راو بۆچوونانە، کە پروپاگەندەی بۆ دەکرێت. سەرەڕای ئەو مادده و بڕگانەی کە باسمان کرد، و ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە و(ئیستسنائانە)هەندێ رۆژنامە و

گۆڤاره كوردیه‌كان لاپه‌ڕه‌كانیان ده‌ڕازانه‌وه و به‌ مانشێتی گه‌وره ده‌یاننووسی، (**فیدرالیزم وه‌ك كورد ده‌یویست جێگیر كرا...!**) یان **بۆ یه‌كه‌م جار ئیعتراف به‌(هه‌رێمی كوردستان) كرا**، یان (**كورد بووه خاوه‌نی سه‌روه‌ت و سامانی كوردستان...هتد**)، توێژێك له‌ رۆشنبیران و سیاسه‌تمه‌دارانی كورد جه‌ختیان له‌سه‌ر نه‌مانی ته‌عریب و گه‌ڕانه‌وه‌ی ناوچه‌ به‌عه‌ره‌ب كراوه‌كانمان بۆ نێو هه‌رێمی كوردستان یان سنووری كوردستان یان ته‌سبیت كردنی كوردستانییه‌تی كه‌ركووك و گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ باوه‌شی هه‌رێمی كوردستان له‌و ده‌ستووره‌ كاتییه‌، وره‌سمیه‌تی زمانی كوردی و مافی ڤیتۆی (كورد) له‌سه‌ر ده‌ستووری ئاینده‌ یان یاساكانی كۆمه‌ڵه‌ی نیشتمانی... یان... یان... هتد.

ده‌بوایه‌ لایه‌نی كوردی له‌ به‌غدا و ئه‌و سیاسه‌تمه‌دار و رۆشنبیرو رۆژنامه‌ و گۆڤاره‌ كوردیانه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ له‌ نیازی خراپی لایه‌نی ئه‌مریكی یان لایه‌نه‌كانی غه‌یره‌ كورد له‌ ئه‌نجومه‌نی ده‌سه‌ڵاتی كاتیی عێراق بگه‌یشتایه‌ن كاتێك:

١ - شه‌راكه‌تی كورد و عه‌ره‌بی له‌ عێراق سڕییه‌وه‌. عێراق پێناسه‌ كرا به‌ یه‌ك وڵات و یه‌ك گه‌ل، ئه‌ویش گه‌لی عێراقه‌.

٢- هه‌رێمێك به‌ ٣ پارێزگا ته‌حدید كرا. باشه‌ بۆ به‌ ٤ یان ٥ ته‌حدید نه‌كرا.

٣- **ئیستسناء كردنی به‌غدا و كه‌ركووك** له‌ پێكهاته‌ی هه‌رێمێك... ده‌كرێت ئه‌وه‌ی به‌غدا قووت بدرێت، چونكه‌ له‌ لایه‌كه‌وه‌ پایته‌ختی عێراقه‌ و نموونه‌ش زۆره‌ چونكه‌ پایته‌خت له‌ ده‌وڵه‌تیكی(ئیتیحادی) تایبه‌تمه‌ندی خۆی هه‌بێت، هه‌روه‌ها ژماره‌ی دانیشتووانی له‌ سنووری ٢٠٪ی دانیشتووانی گشت خه‌ڵكی عێراقه‌، به‌ڵام **ئیستسنا كردنی كه‌ركووك** جێگای سه‌رسووڕمانه‌، و نه‌ده‌بوایه‌ لایه‌نی كوردی چاره‌نووسی كه‌ركووكیان به‌و شێوه‌یه‌ قه‌بووڵ بكردایه‌. به‌ش به‌حاڵی خۆم دڵنیام به‌پێی مادده‌ و بڕگه‌كانی ئه‌م **(ده‌ستووره‌ كاتیه‌) كورد(كه‌ركووك) نابینێته‌وه‌ له‌ باوه‌شی هه‌رێمی كوردستان**، ئه‌و هه‌رێمه‌ی كه‌ په‌سه‌ند كراوه‌و پیاده‌ ده‌كرێت له‌ قۆناغی ئینتیقالی به‌پێی بڕگه‌(أ)ی مادده‌ ٥٣ ته‌حدید كراوه‌ به‌و ناوچانه‌ی تاكو رۆژی ١٩/٣/٢٠٠٣ له‌ژێر كۆنترۆڵی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستاندا بووه‌... هه‌روه‌ها دوورنییه‌ زۆربه‌ی ناوچه‌ به‌عه‌ره‌ب كراوه‌كانمان چاره‌نووسیان له‌ چاره‌نووسی كه‌ركووك زۆر باشتر نابێت.

جارێكی دیكه‌ش هه‌رچی بێت هۆ و هۆكاری پشت په‌رده‌ی دانووستاندنی شاندی كورد له‌ (لیژنه‌ی داڕشتنی یاسای ئیداره‌ی ده‌وڵه‌تی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی)، زۆر له‌ مادده‌ و بڕگه‌كانی ئه‌م یاسایه‌ كه‌ په‌یوه‌ندی به‌ دۆزی ره‌وای كورده‌وه‌ هه‌یه‌، له‌ قازانجی كورد و له‌ ئاستی قوربانیه‌كانیدا نییه‌ به‌ تایبه‌تی، به‌ڕه‌چاوكردنی مه‌وقیع و رۆڵی كورد له‌ رزگاری و ئیداره‌ی عێراق. جگه‌ له‌و

زەرەر و زیانە کە کورد و کێشەکەی تووشی بوونە پاش رزگاری و داگیر کردنی عێراق، چی لە دەستدانی هەندی لەو نیمچە سەربەخۆییەی کە هەمان بوو، وچی لە دژایەتی کردنی کورد لە لایەن جادەی عەرەبی عێراقی زۆرینە، و هەڵوێستی وڵاتە ئیقلیمیەکان، و مامەڵەی هاوپەیمانی ئەمریکی دەسەڵاتدار.

ناوەڕۆکی کێشەی کورد و بن بڕکردنی سیاسەت و دەرئەنجامەکانی تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی و حەسم کردنی کێشەی سنووری کوردستان و پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەندی عێراق لەسەربنەمای فیدالّیەتە. ئەو فیدرالّیەتە کە(گشت لایەنە سیاسیەکانی کوردستان یەکبوون لە سەری و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لە سەردابوو و دەسەڵات و سنووری دیارکرابوو، و (کەرکووک)پایتەختەکەی بوو...).

زۆر لە مافەکانی گەلی کوردستان لە دەرگای ئەم یاساوە هاتووەتە ژوورەوە، بەڵام لە پەنجەرەو کەلێنەکانی خودی ئەم یاساوە دەرهێنراون یان تەلغیم کراون. ئەمەش جگە لە تەرازووی دەسەڵات، خالّێکی لاوازە بۆ شاندی کورد و جارێکی دیکە هەلێکی باشمان لە دەستدا.

بۆ نموونە:

١- هەموو دونیا دەزانێت عێراق کیانێکی فرە نەتەوەیی وفرەئاین و مەزهەبە. بۆ ئێمەی کورد ئەم فرە لایەنیە و پاراستنی ئەهمیەتی خۆی هەیە(یاساکە بە نیوەچڵی دگان بەم جیاوازیە دەنا (بڕگە(ب) مادده ٧)...

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم(عێراق)ـە شەراکەتی عەرەب و کورد سەلمێندراوە و بەڵگەنامەش زۆرە، چی لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم وڵاتە، یان پاش نەمانی نیزامی پادشایی و لە دایک بوونی نیزامی کۆماری سالّی ١٩٥٨، کە بەپێی مادده ٣ ی دەستووری کاتی سالّی ١٩٥٨، واتە بە دەقێکی دەستووری.

کورد و عەرەب وەکو دووگەل شەریکن لە عێراق. کەم یان زۆر لە دەستوور و بەڵگەنامەکانی پاش رژێمی قاسمیش ئەم شەراکەتە رەنگی دابووەوە، ئەگەر چی تەوژمی رەگەزپەرستی و شوڤێنی ئەو رژێمانە، نەک هەر ئەو شەراکەتەیانەی لە ناوەڕۆک دامالّی بوو، بەڵکو جینۆسایدکراین، هەر ئەم قڕکردنەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ رزگاری عێراق و پاشان داگیر کردنی، کەچی لەم قۆناغە:(قۆناغی) رزگاری و ئازادیی عێراق و داگیر کردنی لە لایەن گەورەترین هێزی ئەم سەرزەمینە و ، خاوەن بەرنامەی رزگاری و ئازادی و مافی مرۆڤ، وەکو ئەمریکای(هاوپەیمانی) کورد، لەدیباجە ولە چەند ماددەیەکی دیکەی ئەم(دەستوورە)، لەجیاتی (چەسپاندنی واقعی فرە نەتەوایەتی

عێراق، واته گەلانی عێراق)، (گەلی عێراق) تەسبیت دەکەن. ئەمەش لە واقعدا بازدانە بەسەر خسوسیەتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئەم کیانە کە پێی دەڵێن عێراق. هەر وەکو لە جێگایەکی دیکەی ئەم باسە ئاماژەمان بۆ کردووە.

٢-زاراوەی (فیدرالیەت) لەسەر ئەساسی جوگرافی و مێژوویی، نە پێشینەیەکی زانستی هەیە لە رووی پێناسە و نە ئەزموونێکی پیادەکراوی هەیە لە واقعدا، بۆ ئەوەی بتواندرێت لە بەراورد کردندا سوودی لێ وەرگرین. هەروەها بە پێچەوانەی خواست و بڕیاری گەلی کوردستان بووە. ئەم جۆرە(فیدراڵیەتە) لە جەوهەردا فیدراڵیەتی (پارێزگاکان)ـە کە لە ریککەوتنامەی رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥ لە نێوان ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتیی عێراق و بەڕێز(پۆل بریمەر) ئیمزا کرا. سەرەڕای ئەوەش خودی(فیدراڵیەت) لە سەر ئەساسی جوگرافی و مێژوویی پێناسەو ئیجتهادی زۆر بە خۆوە دەگرێت، نەدەبوو لایەنی کوردی کێشەکەیان توشی زەلکاوی وەها بکەن. ئەگەر لایەنی کوردی پشت گەرم بێت بە لایەنی ئەمریکی کە ئەمڕۆ حاکمی موتلەقی عێراقن، ئەوە زاراوەی(جوگرافی و مێژوویی)لای ئەوان چی ئەهمیەتێکی نییە، بگرە قەڵسیش دەبن، چونکە خۆیان وەکو (ئەمریکی)، کە کێشە دەگاتە بنج و بنەوانەی مێژوویی و جوگرافی، کۆڵن...! ئەگەر دەکەوێتە نێوان کورد و عەرەب، دوورنییە ئەم هەویرە ئاو زۆر بکێشێت.

٣- پەسەندکردنی لایەنی کوردی بە قەتیس(حصر) کردنی کێشەی تەعریب تەنها(بە رژێمی پێشوو)و پرەنسیپی راپرسین و دەنگدان سەبارەت بە خاکی کوردستان: پاشگەزبوونەوەی شاندی کوردە سەبارەت بە تەعریبی ئەو ناوچانە کە لە سەردەمی رژێمەکانی دیکەی پێش رژێمی پێشوو ئەنجام درابوو، هەروەها گومان خستنە سەر کوردستانیەتی ناوچە تەعریبکراوەکانمانە، بەمە دوورنییە چارەنووسی هەندێ ناوچەی کوردستان بکەوێتە ئەگەرەوە.

هەر بۆ نموونە حەویجە پارچەیەکە لە کەرکووک و کەرکووک خاکی کوردستانە. بە هۆی تەعریبی ئەم شارە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە، قۆناغ لە دوای قۆناغ، زۆرینەیەکی بەرچاوی عەرەبیان بۆ هێناوە.

سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب بە پێی ئەم(دەستوورە) لە هەر هەوڵێکی گەڕانەوەی عەرەبی حەویجە بۆ جێگای کۆنی خۆیان دوورنییە لە حوکمی موحاڵدا بێت.

هەروەها خودی **نێو شاری کەرکووک**، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧(تورکمان و مەسیحییەکان و عەرەب)، کەمتر نین لە رێژەی کورد و پاش نزیکی نیو سەدە لە تەعریب

و راگوێزان و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی تۆ بڵێیت راپرسینی چارەنووسی ناو شاری کەرکووک لە قازانجی کورد دا بێت.
لێرەدا ئێمە باسی شاری مووسڵ هەر ناکەین...!

٤- دوورنییە (رهن) کردنی چارەنووس و دوارۆژی هەر بستێک لە خاکی کوردستان بە پرۆسەیەکی دەنگدان و راپرسی هەنگاوێکی کەم وێنە بێت بۆ کێشەی میللەتان و بڕیارێکی حەکیمانە نەبێت هەتاکو ئەگەر ناچاریش بێت، لە هەمووشی زیاتر جێگای پرسیارو سەرسوڕمانە رەهن کردن و گرێدانی چارە نووسی سنووری کوردستان بە بڕیاری **(کۆمەڵەی نیشتیمانی ئایندەی عێراق کە پێکدێت لەزۆرینەیەکی عەرەبی رەها). یەک لە دووربینی بارزانیی نەمر لە مەڕ چارەنووسی ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان** و، بەتایبەتی شاری کەرکووک لە کاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ئەوەبوو کە رازی بوو بە **سەرژمێری نەک راپرسین**، ئەوەش پاش سڕینەوەی ئاسەواری **تەعریب و لە سەر ئەساسی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧**. واتە بۆ بڕیاری کورد (ئەنجامی سەرژمێری)، **نەک دەسەڵاتی ناوەند** (ئەنجومەنی بە ناو شۆڕشی ئەوسا...هتد) یان (بڕیاری کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی داهاتوو)...

٥- مافە بنەڕەتییەکانی ئەم دەستوورە لە روانگەی مرۆڤایەتی و زۆرینەوە زۆر گرنگن، بۆ نموونە: بە پێی برگە (ج) مادده١٦ هەموو هاوولاتییەکی عێراقی ئازاد کردووە لە خاوەنداری بێ مەرج لە سەرتاسەری عێراق. هەر هەمان پرنسیپ لە کوێ کاربکات و بژیت، مافی وەها بەو (رەها) ییە، و بۆ کەمینەیەکی وەکو کورد لە کوردستانی عێراق، بەرامبەر بە زۆرینەی عەرەبی عێراق و، پاش ٨٣ ساڵ لە بەربەرەکانی و پێشێل کردنی ماف و تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی و قڕکردن و ئەنفال و کیمیاباران، جێگای مەترسییە...!
ئەم دەقانە زۆر روون و زەقن، ئەگەر شاندی کورد هەستی پێ نەکردبێت ئەوە مووسیبەتە، ئەگەر هاتوو هەستی پێ کردبێت، مووسیبەت گەورەتر دەبێت، کە دەبینین هەوڵی هیچ جۆرە تەسبیت کردنی میکانیزمێکی وەهایان نەداوە، کە هەندێ لە (ئیستغلال) کردنی نیازپاکی ئەم چەند پرەنسیپە گشتیانە کەم کاتەوە!
هەرچەندە بەم یاسایە گرێکوێرەکان زیاتر ئاڵۆزتر بوونەو، هەندێ لەو گرێیانە کردنەوەی لەحوکمی موحاڵە، بەڵام هێشتا کورد دوو دەرفەتی دیکەی لە پێشدا ماوە:
یەکەمیان: لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی ئایندە.

دووهەمیان: بڕیاری راپرسینێک بدرێت لە کوردستان لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی دەسەڵاتی ئەمریکی و هاوپەیمانانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تێیدا کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، هەر وەکو لە زنجیرە وتارێکماندا لە رۆژنامەی(خەبات) ژمارە «١٣٣٩»،«١٣٤٠» ،«١٣٤١»،«١٣٤٢»،لە مانگی ١١/٢٠٠٣ بلاوکرایەوە...

پوختەکەی

١- سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی هیچ پەیمان و بەڵێنێکی نووسراوو رەسمی لە هێزەکانی هاوپەیمان و بە تایبەتی ئەمریکا وە دەست بێنێ، بۆ تەئمین کردنی دوا رۆژی کێشەکەی پێشوو لە کات و لە کۆتایی قۆناغی رزگاری عێراق. ئەگەر دەڵێنیش بەڵێ بەڵێنمان وەرگرتووەو، ئەنجامی ئەم دەستوورەیە، ئەوە دەقەکانی ئەم دەستوورە کە پەیوەندی بەکێشەو مافی کوردەوە هەیە، خۆی شەرعی خۆی دەکات.

٢- سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی لە قۆناغی هەڵمەتی رزگاری عێراق کێشەی ناوچە بە عەرەبکراوەکان وەکو پێویست چارەسەرکات، جا لە نیازپاکی یان حیساب کردنی بۆ فاکتەری ئیقلیمی، یان لە کورت بینی، یان لە بێ باوەڕی، یان لە پەراوێزکردنی ئەمریکا بێت...هتد. هەل وەکو تیغ وایە نەیبڕیت دەتبڕێ. پێویست ناکات ئیستا ئاخی بۆ هەڵکێشین یان بڵێین هاوپەیمانان، چ ئەمریکا بێت، یان هێزە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق، خیانەتیان لێ کردین و پاشگەز بوونەوە. ئەوانیش وەکو ئێمە ئامانج و کێشەو بەرنامەیان هەیە، کە هەلیان بۆ رەخسا وەکو خۆیان دەکەن جا باکوردیش بە پێی بەرژەوەندی بالای خۆی هەڵسوکەوتی بکردایەو، باشتر سوودی لەو هاوپەیمانیەتی و هاوکاری و تەنسیقانەی وەرگرتبایەو دەرفەتەکانی باشتر بقۆزتبایە، زیاتر بەشتی بچووک و لاوەکی مەشغووڵ نەبایەو کوڕی خۆی نەکردبایە بە قوربانی کچی خەڵکی.

٣- سەرکردایەتی سیاسی کورد لە دامەزراندنی ئەنجومەنی دەسەلاتی کاتیی عێراق، کە رازی بوو بە ٥ ئەندام و، بۆ پۆستی وەزارەتەکانیش کەمتر بۆ هەردوو حاڵەتەکە لە رێژەی ٢٠٪ تێ نەپەڕی، ئەمەیش دەستپێک و سابیقەیەکی باش نەبوو، ئەگەرچی کورد لە عێراق گرفتی بەشداری لە دەسەلاتی ناوەند و ناسنامەی نەبووە وەکو کورد، بە تایبەتی لە کاتی لاوازی دەسەلاتی ناوەندا...! ئەم دیاریدەیە دووپات بووەوە لە سەرەتای دامەزراندنی ئیداراتی کەرکووک و لە هەندێ ناوچەکانی دیکەی بە عەربکراومان، لە بەر هەر هۆیەک بێت، نەدەبوو سەرکردایەتی سیاسی کورد ئیقراری ئەو جۆرە بەشدار بوونەی بکردایە، لە دەزگاکانی ئەنجومەنی پارێزگا، یان لە دەزگا ئیدارییەکان. هەرچی نەبێت دەکرا ناڕەزایی و خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانە و مەدەنی، لە لایەن جەماوەری ئەو دەڤەرانە ئەنجام بدرایە لە کاتێکدا

داگیرکەری ئەمریکی سووربوو(تاکو ئێستایش سووره) له سەرپێشێل کردنی ماف و بەرژەوەندی کورد له کەرکووک بڕوانه یاداشتنامەی گرووپی کوردی له پارێزگای کەرکووک له ٢٠٠٤/٦/١٠ سەبارەت به هەڵوێستی ئیدارەی مەندی ئەمریکی(CPA) له کەرکووک که وێنەیان دابوو به بەڕێز(بریمەر و گشت دەزگا و بەرپرسه پەیوەنددارەکان) یان له مەخموور، که وەکو ناوچەیەکی سەر به پارێزگای مووسڵ، یان شێخان...هتد، و زۆرجار کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ پارێزگاری مووسڵ له مەخموور ئەنجام دەدەن. تۆ بڵێیت کورد تووشی کیمیاباران و ئەنفال دەبوو ئەگەر هات و بەرەسمی و به یاداشتێک و له کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری، بۆ گشت خەڵکی کوردستان و عێراق و جیهانیش ئیعلانی ئەوەی بکردایه که ئەم جۆره رێژەو نوێنەرایەتیه قابلی قەبووڵ نییه، لەگەڵ ئەوەش نابێته کۆسپ و بەشداریش دەبێت...هتد.

٤- خەڵکی کوردستان بڕیاری فیدرالّیەتی دابوو له سەر ئەساسی(جوگرافی و نەتەوایەتی) و له چوارچێوەی سنووری کوردستانی خۆیدا ، کەچی ئەمریکا رەتی کردەوە، و له جیاتی ئەوه، فیدرالّیەتی پارێزگاکانی بۆ تەسبیت کرد، وەکو گرووپی کورد له ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتی عێراق لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنەکه پەسەندیان کرد و له ٢٠٠٣/١١/١٥ ئیمزا و جاڕدرا.

٥- خەڵکی کوردستان داوای سەروەت و سامانی خۆی کرد له کوردستانی خۆیداو بەو جۆرەی که خاوەنی بێت و بەشی دیاری کراوی هەبێت پاش ئەوەی لەسەری رێک دەکەون لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، هەرچۆن له زۆربەی زۆری کیانه فیدرالّییەکانی دیکەی سەر ئەم سەرزەمینه دیاری کراوەو پیادەش دەکرێت، کەچی سەروەت و سامانی کوردستان (نەوت) موڵکی (گەلی عێراقه) نەک (گەلانی عێراق)و (مشاوەرەکردنیش) که لەیاساکەدا هاتووه، کەمتره له پرسه خەسوەکەی خۆمانی کوردی و نەوتی خوارووی عێراق کەمتر نییه له نەوتی کوردستان!

٦- خەڵکی کوردستان داوای کرد سنووری کوردستان حەسم بکرێت، کەچی بەپێی ماددەو بڕگەکانی ئەم (دەستووره کاتییه) چارەنووسی کوردستانیەتی زۆر لەشارو شارۆچکەکانی ئەم دیوی سنوورەکانمان و، له قووڵایی کوردستان، به کۆمەڵێک فرتوفێڵ خراوەته بەردەمی ئەگەری لەدەستدانیان..! ئەم هەموو گرفتانه کۆسپن بۆ ئێستاو بۆ قۆناغی دانوستاندنی ئایینده له نێوان کوردو لایەنەکانی دیکەی عێراقی:

* ئەگەر پیاوەتییه لەپای چی..!
* ئەگەر فەرز دەکرێت، بۆ قبووڵ بکرێت!
* ئەگەر مروونەت و شەفافیەته.. بۆ کێ..؟!
* ئەگەر بۆ هاوپەیمانان و ئەمریکایه، بۆ دەبێت کورد هەمیشه بەرخی قوربانی بێت..!
* ئەگەر لەبەر وڵاتانی ئیقلیمییه ئەوه کورد دەبێت - هەر گێسکەکەی هەیاس بێت-..
* ئەگەر بۆ زۆرینەی عەرەبی برای باڵا دەستمانه، ئەوه هیچ کات وەکو ئەمڕۆ کورد گیرۆدەی هەڵمەت و شاڵاوی دژایەتی جادەی عەرەبی نەبووەتەوه، لای کەمەوه (٨٣) ساڵه

دووبەرەكیی و ململانێی كورد، **وەكو پێناسە دەكرێت** لەگەڵ رژێمە یەك لەدوا یەكەكانی عێراق بووە، لەماوەی ئەم (١٤) مانگەی دواییدا كورد كەوتۆتە بەر شاڵاوێكی توندو نارەوا، لەلایەن پانتاییەكی گەورەی جادەی عەرەبی عێراق و دەرەوەی.
یەك لە فاكتەرە سەرەكییەكانی ئەم شاڵاوە كە كورد تێیدایە وەكو كورد (**مطلوبە**) هاوپەیمانێتی كوردە لەگەڵ ئەمریكا، ئەمریكاش وەكو هێزی باڵای دەسەڵاتی داگیركەرو بەرێوەبەری عێراق و هاوپەیمان، چارەسەركردنی كێشەی كوردی رووبەرووی (گەلی) عێراق كردۆتەوە، واتە كوردو زۆرینەی عەرەبی باڵا دەست و بە رواڵەت وەكو بلێیت خۆی دوورە پەرێز دەگرێت، لە كاتێكدا بە وجودی ئەمریكا لە عێراق و سیاسەتی رۆژانەی ئیدارەی مەدەنی بریمەر و عەسكەریەكانی و پاشگەزبوونیان لەبەرنامەی (استئصال)ی حزبی بەعس و گۆرینی بۆ (استزراع البعث)، وای لێهات عێراق ببێت بە مەڵبەندێكی (جذب)ی تیرۆرو تیرۆریستانی دنیا.
* كوردیش ئەگەر بە تەمای خۆیەتی، ئەوە وێنەو سیناریۆكان لەبەرچاوە.
* ئەگەر بەتەمای هاوكاری و هاوپەیمانێتی عەرەبی برای زۆرینەمان بێت! ئەوە ئەوەی لێكەوتەوە كە وەكو یاسا لەبەردەستدایەو هەڵوێستی جادەكەیەتی.
* ئەگەر ئومێدمان بە كاكە (بریمەر) بوو، ئەوە ئەویش وەكو (خەلیل زادە) و (گارنەر) كاری تەواو بوو و لەم رۆژانە دەروات، هەرچۆن سەركردایەتیی سیاسی كورد هەڵوێست و مامەڵەی باشی لەگەڵدا كرد و ئەوەی ویستی بۆی كرا، ئەویش هەندێ (قسەی) خۆشی بۆ كردن..! وەكو (گارنەر) و (خەلیل زادە) چاوەرێی یادوەرییەكانی بكەین، یان پاش زیاتر لە(٢٥) ساڵی تر لە ئەرشیفە رەسمییەكانی ئەمریكاو وڵاتانی دیكەی پەیوەندار بەدوای نامەو فاكس و ئیمێلەكانیاندا بگەرێین و بزانین ئەو (دۆستانە)مان چیان كردووە..!
* ئەگەر بە تەمای ئەمریكای زلهێز بێت. ئەوە ساڵێك زیاترە چۆن و (كووی) كردووە، هەروەها دەكات، ئەگەر رووداوەكانی سێكوچكەی سوننی و نارەزایی ئەم باڵ، یان ئەوەی دیكەی شیعە نەبایە، دوور نەبوو چەك داماڵینی كوردو تەحجیم كردنی دەسەڵاتی ناوچەی ئازادی كوردستان هەنگاوی سەرەكی دوای قۆناغی رزگاری عێراقی بایە و، وەكو هەر هێزێكی داگیركەر، رۆژێك دێت هەر دەبێت بروات، ئەو مەترسیانەش كە لە نامەكەی بەرێزان (بارزانی و تاڵەبانی) بۆ جۆرج بوش لە ٢٠٠٤/٦/١ هاتووە، لە جێگای خۆیەتی و (قائم)ە..!
با هەموو لایەك كار بۆ ئەوە بكات بارودۆخەكە نەگات بەو رادەو ئاستە كە ئەم هەلەش لەدەست بچێت، هەرچەندە شێوەو شێوازو میتۆدی جیاجیا زۆرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ ئەم قۆناغە:

* پاش یەکبوونی ئیرادەی کورد و ئەهمیەتی کەناڵە دبلۆماسیەت و نێو دەوڵەتییەکان، شەفافیەتی شێوەو شێوازی مامەڵە کردنی سەرکردایەتیی سیاسی کوردە لەگەڵ جەماوەرو بنکەو مەڵبەندەکانی دروست کردنی راوهەڵوێست لەکوردستان و لەدەرەوەی کوردستانە.
* گواستنەوەی ململانێیەکە چ لەگەڵ داگیرکەری ئەمریکی و دەسەڵاتی ناوەندی ئیتیحادی و چ لەگەڵ لایەنەکانی غەیرە کورد لە کۆمەڵگای عێراقی، لەنێو ژوورە داخراوەکان و کەناڵە سیخوڕییەکان و لەنێوان چەند کەسێک، بۆ جادەی کوردستان و جەماوەرو دامودەزگا مەدەنییەکانی، ئەمەش هیچ کات لە رۆڵ و مەوقیع و پلەو پایەی سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان کەم ناکاتەوە، بەپێچەوانە، ئەو جوهد و وزەو تواناو هەوڵانە بە هێزو کۆک و پتەو دەکات و کێشەکە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو جەماوەری کوردستان و هێزی داگیرکەرو دەسەڵاتی ناوەندی ئیتیحادی لەبەغدا.

ماوەیەکە خەریک بوون لەگەڵ هێزی داگیرکەرو هاوپەیمانانی و لایەنە عێراقییەکانی غەیرە کورد، پوختەی ئەو یاساییە کە شاندی کورد بەشداربوو لە داڕشتن و پەسندی کردووە، کە:
١- (فیدراڵییەت)ـەکەی بێ مۆرکی نەتەوایەتی بێت (مادە ٧).
٢- هەرێمی فیدراڵ نابێت لە (٣) پارێزگا زیاتر بێت مادە٥٣ تەنها سلێمانی و هەولێر و دهۆک.
٣- کەرکووک بەدەر بێت لە تەشکیلەی هەرێمێک، واتە بەدەر لە هەرێمی کوردستان مادە(٥٣-ج)،
٤- سنووری هەر (١٨) پارێزگاکانی عێراق دەستکاری ناکرێت لە قۆناغی ئینتیقالی، واتە وەکو خۆیان دەمێننەوە تاکو پەسند کردنی دەستووری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی (کۆمەڵەی نیشتمانی و حکومەتی عێراقی هەمیشەیی لە ئایندە) مادە (٥٣-ب) لەوێش هیچ سەقفێکی زەمەنی دیاری نەکراوە، حەسمیش لای زۆرینەی عەرەبی باڵا دەستە لە کۆمەڵەی نیشتمانی.
٥-چارەنووسی ناوچە بەعەرەبکراوەکانمان و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بەند نییە بەرای خەڵکی کوردستان، بەڵکو بە بڕیاری (کۆمەڵەی نیشتمانی) هەڵبژێردراوی ئایندەی عێراق مادە (٥٣-ب) کە دوور نییە رێژەی برای عەرەبی باڵادەستمان و نوێنەرانی غەیرە کورد لە (٧٥٪) زیاتر بێت.
٦- لە هەر (٣) دەزگای دەسەڵات (یاسادانان= کۆمەڵەی نیشتمانی)، دەسەڵاتی کارگێڕی بە هەردوو باڵەکەیەوە (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران) (دەزگای دادوەری بە دادگای باڵای فیدراڵەوە) کورد نە وەکو ژمارە و نە وەک رێژە ئەندام نییە، بەڵکو وەکو هاوولاتییەکی عێراق، واتە ئەندامیەتی کورد لەم دامودەزگایانە مۆرکی نەتەوایەتیی پێوە نییە.
٧- بەپێی مادە٢٥ دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا چی دەسەڵاتی ئەوتۆی نەهێڵاوە بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان.

٨- تاكو ئێستاش مەعلوم نییە بەشی كورد لە پۆستە سەرەكییەكانی حكومەتی ئینتیقالی و ئایندە وەك سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران چی لێدێت.

٩- چ رێژەیەك یان بەشێك لە واریداتی عێراق، یان لە كوردستان بۆ خەڵكی كوردستان دیاری نەكراوە (مادە٢٥) سەروەت و سامانی عێراق بەپێی ئەم یاسایە موڵكی گشت گەلی عێراقە. نەك گەلانی عێراق.

١٠- مادە ٦٠-ج وەكو باسی لێوەدەكەن (ضمان)ـە بۆ كورد، ئەم زەمانەش یەك ئیحتیمالە بۆ كورد و ٥ ئیحتیمالە بۆ عەرەبی زۆرینە و یەكجاریش پیادە دەكرێت، ئەویش تەنها بۆ پەسند كردنی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئایندەیە، نەك یاساو بڕیارەكانی كۆمەڵە و حكومەتی ناوەندی ئایندەی عێراق.

ئەمانەو بگرە هەندێ بابەتی دیكەی ئەم یاسایە زەق و روونن، لەگەڵ ئەوەش دەگوترێ سازش نەكراوە لەسەر مافەكانی گەلی كورد لەبەغدا..!

ئەنجامی ئەم قۆناغە ئەو واقیعەیە كە تێیدا دەژین و ئەو تاڵی و موعاناتەیە كە لە ناوەڕۆكی نامەی ٢٠٠٤/٦/١ی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی بۆ بەڕێز بوش بەدی دەكرێت.

كورد خیاراتی كەمەو مەودای مناوەراتی تاكو بێت تەسكتر دەبێتەوەو ململانێكەش سەخت و ئاڵۆز تر دەبێت، بزاڤی رزگاریخوازی كوردیش هێشتا ژمارەیەكە لە هاوكێشەی عێراق و ناوچەكە، ئەگەر هات و سەركردایەتییەكی بەحیكمەت و بە جورئەت كاری بۆ بكات..!

میحوەرەكانی ململانێی دوای قۆناغی گەڕانەوەی (السیادە) بۆ عێراقییەكان لەژێر سێبەری شمشێری زیاتر لە (١٥٠) هەزار سەربازی ئەمریكی و هاوپەیمانانی و (٣) هەزار لێپرسراوو پسپۆڕ و كارمەندی باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە بەغدا كە وەعد دراوە لە ئایندەیەكی نزیكدا دەست بەكار بن، شاڵاوی تیرۆریستان و سەرهەڵدانی بەرخودان لەنێو توێژە جیاجیاكانی عێراقییەكان، ئەگەرچی هێشتا ئەوراقەكان تێكەڵاوە، دەبێتە ناوەڕۆكی باسی ئایندەمان..!

٢٠٠٤/٦/٢٠

تێبینی:

ئەم بابەتە بە(٧) بەش لە رۆژنامەی «خەبات» ژمارە (١٦١٥- ١٦١٦- ١٦١٧- ١٦١٨- ١٦١٩- ١٦٢١- ١٦٢٢) لە ٨-٢٠٠٤/١١/١٧ بڵاوكراوە.